



# ئینتمای نیشتمانی و پەرەپێدانی توانای مرۆیی لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە و بونیادی دەوڵەتدا

زۆر لەزانایانی زانستی سیاسەت پرۆسەی بونیادی نەتەوە و پرۆسەی بونیادی دەوڵەت وەك یەك پرۆسە سەیر دەكەن، بەڵام فرانسیس فۆكۆیاما لێكیان جیادەكاتەوە و پێیوایە بونیادی نەتەوە و بونیادی دەوڵەت دوو پرۆسەی لێكجیاوازن، لەمەدا مەبەستی ئەوەیە پرۆسەیی بونیادی نەتەوە پرۆسەی بونیادی ناسنامەی هاوبەشی هاوولاتیبوونی ئەو خەڵكانەیە كە لەسەر خاكێك پێكەوە دەژین و پرۆسەی بونیادی دەوڵەت پرۆسەیی بونیادی دامەزراوەكانی سوپا و پۆلیس و حكومڕانی-یە بۆ ئەوەی دەوڵەتەكە بەڕێوە بەرێت، بەڵام پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ كە ڕاوێژكاریی یاسایی بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كۆسۆڤۆ و خاوەنی ئەو وتارەیە (نابێ كوردەكان لەبیر بكرێن) و لەو وتارەشدا كە لەساڵی ٢٠٠٨ نووسیوویەتی، ئیدارەی ئەمریكی لەوە ئاگادار دەكاتەوە ئەگەر دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق، ئەمریكا پشگیری دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان نەكات، ئەوا كارێكی ناویژدانی و نا ئەخلاقی دەكات، هەربۆیە لای داماتۆ

**پرۆسەی بونیادی نەتەوە و پرۆسەی بونیادی دەوڵەت، پرۆسەیەكی تەواوكاری یەكترین، پێویستە لەكوردستانیش هاوشانی یەكتری هەنگاویان بۆ هەڵبگیرێت**

پرۆسەی بونیادی نەتەوە و پرۆسەی بونیادی دەوڵەت، دوو پرۆسەی تەواوكاری یەكترین، سەبارەت بەكوردستانیش پێیوایە پێویستە ئەم دوو پرۆسەیە هاوشانی یەكتری هەنگاویان بۆ هەڵبگیرێت، لەمەشدا ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ دەكات:

١- پێویستە هەرێمی كوردستان لەپرۆسەی بونیادی نەتەوەدا ڕەچاوی مافی هاوولاتیبوون بكات و تەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان لەسەر بنەمای هاوولاتیبوونی كوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا بكات و ناسنامەیەكی هاوبەشی نەتەوەیی كوردستانی بۆ هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان دروست بێت، لەم ڕووەوە داماتۆ وای دەبینێت لەناوچەكانی ژێر

**پێویستە هەرێمی كوردستان لەپرۆسەی بونیادی نەتەوەدا ڕەچاوی مافی هاوولاتیبوون بكات و تەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان لەسەر بنەمای هاوولاتیبوونی كوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا بكات**

ئیدارەی ئێستای حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەم هەنگاوە تاڕادەیەكی زۆر هەڵگیراوە و هاوولاتیانی ژێر دەسەلاتی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان یەكسانن، بەڵام لەناوچە دابڕێنراوەكان ئەم یەكسانیە بوونی نییە و هێشتا جیاوازی لەنێوان هاوولاتیانی كورد و غەیرە كورد دەكرێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی كە ئیدارەكەی بەدەست كوردەوە نییە.

٢- پێویستە هەرێمی كوردستان پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت وەك پرۆسەیەكی بەردەوام سەیر بكات و هەنگاوی جددیشی بۆ هەڵبگرێت، ئەمەش ڕاشكاوانە واتە پێویستە هەرێمی كوردستان لەڕووی یاساییەوە هەموو مەرجەكانی دەوڵەت لەخۆیدا پراكتیزە بكات و بەپێی یاسا وەك دەوڵەت ڕەفتار بكات، لەمەشدا وەك لەدیمانەیەكیدا بۆ گوڵان ڕاشكاوانە ئاماژەی پێكرد (پێویستە كوردستانیەكان چاوەڕێی ئەوە نەكەن، ئایا بارودۆخی نێودەوڵەتی لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت یان نە، بەڵكو پێویستە كوردستانیەكان بەردەوام بن لەسەر ئەوەی مەرجە یاساییەكانی دەوڵەت بوون لەهەرێمدا پراكتیزە بكەن).

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوەی داماتۆ باسی دەكات لەهەرێمی كوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەژمارەی پێشووی گوڵان پرۆفیسۆر دیڤید ڕۆمانۆ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی میزوری لەوتارە تایبەتەكەیدا كە بەناونیشانی (هەرێمی كوردستان ئەو دراوسێ باشەی كەس پێشبینی نەدەكرد) ڕاشكاوانە ئاماژەی بەوەكردبوو كە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان مەرجە یاساییەكانی دەوڵەتی لەكوردستان پیادە كردووە و هەرێمی كوردستان خۆی بەیاسا نێودەوڵەتیەكان پابەند كردووە، لەمەدا ڕۆمانۆ مەبەستی ئەم خاڵانەبوو:

١- هەرێمی كوردستان ناخوازێت كێشە بۆ دەوڵەتە دراوسێكانی دروست بكات. ئەمەش واتە هەرێمی كوردستان دەیەوێت بنەمای دراوسێیەتی باش پیادە بكات.

٢- هەرێمی كوردستان هەوڵیداوە نەك كێشەكانی خۆی لەگەڵ دراوسێكانی بەڕێگەی دیالۆگ چارەسەر بكات، بەڵكو هەوڵیداوە دراوسێكانیشی كێشە ناوخۆییەكانیان بەشێوازی دیالۆگ چارەسەر بكات و دوور بكەونەوە لەچارەسەری توندوتیژی و سەربازی، ئەمەش بەو جۆرە پیشانی داوەوە كە هەرێمی كوردستان بۆتە سەرچاوەیەكی سەقامگیری لەناوچەكەدا.

**ئینتمای نیشتمانی و پەرەپێدانی مرۆیی**

ئینتمای نیشتمانی یان ئینتمای نەتەوەیی لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوە خاڵێكی گرنك و گەوهەرییە، لەبەر ئەوەی بەبێ ئەم ئینتمایە ناتوانرێت شان بدرێتە بەر ئەو پرۆسە قورسە و هەنگاوی گەورەی بۆ هەڵبگیرێت، لەمەش زیاتر گرنگە لەچوارچێوەی هەستی ئینتمای نیشتمانیدا پرۆسەی پەرەپێدانی توانای مرۆیی دەست پێ بكات، پرۆسەی پەرەپێدانی توانای مرۆییش، تەنیا پرۆسەی پەرەپێدانی توانا زانستیەكان نییە بۆ هەڵسوڕاندنی تەكنۆلۆژیا، بەڵكو پرۆسەی پەرپێدانی زانستە مرۆیی و سیسیۆلۆژییەكانیشە بۆئەوەی توانای مرۆیی تاكەكان بۆ پێكەوە كارلێككردن هەڵبسوڕێن و بۆ بونیادنانەوەی متمانە لەنێوان خەڵك، هەروەها بونیادنانەوەی متمانە لەنێوان خەڵك و حكومەت، لەم حاڵەتەدا كەهەندێك لەچوارچێوەیەكی ڕەخنەیی دەیخاتە ڕوو، ئەم دێڕانە وەك خوێندنەوەی واقیع دەیخاتە ڕوو، واتە لەپرۆسەی بونیادی نەتەوەدا پێویستە واقیعی وڵات چۆنە وەك خۆی بخوێنرێتەوە، پرۆفیسۆر (چۆنگ نام كیم) لەتوێژینەوەیەكیدا بەناونیشانی (سەركردە

**پێویستە كوردستانیەكان بەردەوام بن لەسەر ئەوەی مەرجە یاساییەكانی دەوڵەت بوون لەهەرێمدا پراكتیزە بكەن**

**زۆر گرنگە لەچوارچێوەی ئینتمای نیشتمانی و پەرەپێدانی تواناکان بەپێی تایبەتمەندیەکانی وڵات، کێشەکان چارەسەر بکرێت**

بۆ بونیادی نەتەوە: ڕۆڵی سەرۆك لە کەیسی کۆریای باشووردا)، لەگەڵ ئەوەی لەپێشەکی توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەکۆریای باشوور، پرۆسەیەکی سەرکەتوو بێ وێنە بووە لەتەواوی جیهانی سێهەمدا و ئەم پێشکەوتنەش بەسوود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیا بووە، بەڵام پرۆفیسۆر کیم ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە تەنیا تەکنۆلۆژیا لەبەردەستی کۆریا فەراهەم نەبووە، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی جیهانی سێهەمیش هەمان تەکنۆلۆژییان لەبەر دەست بووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو سەرکەوتنەی لەکۆریا لەماوەی تەنیا ١١ ساڵ بەدەست هات، بۆچی لەوڵاتانی دیکە بە٥٠ ساڵ بەدەست نەهاتووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر کیم هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرکردە لەپرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەکۆریای باشوور و هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحدیانەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بوونەتەوە، لێرەدا دەکرێت وەك نموونە بەراوردێك لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی دوای ڕووخانی ڕژیمی سەدام حوسێن بکەین:

١- ڕژێمی پێشووی عێراق کە لەساڵی ١٩٩٢ دامودەزگا ئیدارییەکانی لەهەرێمی کوردستان کێشایەوە، لەهەرێمی کوردستان بۆشاییەکی سیاسیی و ئیداری ئەوتۆ دروست ببوو کە بیرکردنەوە لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە خۆی جۆرە موجازەفەیەك بووە، هەر بۆیە کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە و ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، بڕیاریدا لەکوردستان هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامبدرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداری و سیاسییە کە خۆی لەخۆیدا تەحدیایەك بوو، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە٢٠٠٣، ئەمریکا کە هێزی ژمارە یەکە لەجیهاندا خۆی هەوڵیدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و حاکمێکی مەدەنیشی لەعێراق دانا کە یەکەمین جار جۆن گارنەر بوو دوایی کرا بە پۆل بریمەر، بۆ ئەوەی حکومڕانی عێراق بەشێوەیەکی کاتی بکات هەتا حکومەتێکی کاتی لەعێراقدا دابمەزرێت، بەڵام دوای نزیکەی ٩ ساڵ نە دەسەڵاتە کاتیەکەی پۆل بریمەر و نە حکومەتە کاتیەکەی د.ئەیاد عەلاوی و دواتریش حکومەتەکانی جەعفەری و مالیکی، نەیانتوانی عێراق ڕاست بکەنەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان دوای ٩ساڵ، هەرێمی کوردستان ناونرا عێراقەکەی دیکە، واتە عێراقە دیموکراتی و سەقامگیرەکە.

٢- لەماوەی ١١ ساڵی یەکەمی حکومڕانی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا لە(١٩٩٢-٢٠٠٣) هەرێمی کوردستان نەك هەر خاوەنی بودجە و داهاتی خۆی نەبووە، بەڵکو دوو گەمارۆی ئابووریشی لەسەر بووە، تەنانەت داهاتی بڕیاری (٩٨٦)یش کە بەداهاتی (نەوت بەرانبەر

**بەڕێز مسعود بارزانی یەکەم سەرۆك بوو لەوڵاتی خۆیدا وشەی کەمینەی بۆ نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان لابرد و نابێت هیچ نەتەوەو ئایینێك بەنەتەوەی زۆرینە و ئایینی زۆرینە لەقەڵەم بدرێت**

خۆراك) ناسرابوو، بەشە داهاتی کوردستان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەرجدەکرا، حکومەتی هەرێم ئەو داهاتەشی لەبەر دەست نەبوو، بەڵام هەرێمی کوردستان نموونەیەکی تازەی حکومڕانی لەناوچەکە داهێنابوو، ئەمە ئەگەر بەراوردی بکەین بەعێراقی دوای ڕووخانی ڕژێم، دەبینین لەماوەی ئەم ٨-٩ ساڵەدا حکومەتی عێراق زیاتر لە٥٠٠-٦٠٠ ملیار دۆلاری لەبەر دەست بووە، عێراقیش لەپلەی دووەم دوای سۆماڵ لەڕیزی دەوڵەتە فاشیلەکان پۆلین دەکرێت و بەپلەی سێهەم لەگەندەڵی پۆلین دەکرێت، هێشتا لەبەغدا کە پایتەختی عێراقە و زیاتر لە٦-٧ ملیۆن کەسی تێدا دەژی ئاوی پاکی خواردنەوەی نییە و کارەبا تەنیا چەند کاتژمێریك هەیە، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان بەڕێژەی ٪٧٥-٪٨٠ دابینکراوە و ئەوەشی ماوە کاری تێدا دەکرێت.

ئەم جیاوازییەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، دروست وەك جیاوازی نێوان کۆریای باشوور و کۆریای باکوور وایە، کۆریای باشوور لەڕیزی دەوڵەتانی جیهانی یەکەم پۆلین دەکریت، کەچی هەتا ئێستا کۆریای باکوور لەڕیزی وڵاتانی جیهانی سێهەمیشدا لەڕیزی دواوە دەخوێنرێتەوە، ڕاستە کۆریای باکوور باشترین بۆمبی نیوکلیاری هەیە، بەڵام گەلەکەی کارەبا و ئاوی خواردنەوەی نییە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو ئەولەویەتانە بکەین کە سەرۆکی کۆریای باشوور لەبەرچاوی گرتووە، ئەوا وەك پرفیسۆر کیم ئاماژەی پێکردووە بەمجۆرە بوون:

١- پێش هەموو شت لەدەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەدا هەوڵیانداوە پێناسەی وڵاتی خۆیان بکەن، واتە ئەم وڵاتە چۆن پێناسە دەکرێت، بۆیە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە دەست بەپرۆسەی بونیادنانەوە کراوە، بەمجۆرە کۆریای باشوور پێناسە کراوە(وڵاتێکی کاولی دوای شەڕ، وڵاتێکی دابەشکراو، وڵاتێك لەژێر هەڕەشەی دراوسێکانی، وڵاتێکی کۆلۆنیاڵی)، کە سەیری ئەم پێناسەیە دەکەیت، پرسیار ئەوەیە ئایا دەبێت ئینتمای نیشتمانی بۆ (وڵاتێکی دوای شەڕ و دوای کۆلۆنیالی و دابەشکرا و لەژێر مەترسی دەوڵەتانی دراوسێ) چۆن بووبێت، هەتا بتوانرێت ئەم ئینتمایە بخریتە گەڕ بۆئەوەی لەناو ئەو زۆنە مەترسیدارەدا ئەو ئیرادەیە بەرهەم بهێنێت کە ئێستا وەك موعیجزەی بونیادنانەوەی بونیادی نەتەوە ئاماژەی پێدەکرێت.

ئەم خاڵە ئەگەر بەوردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین هەست دەکەین لەزۆربەی ڕووەکانەوە لەبارودۆخی چەند ساڵێك لەمەوپێش و تەنانەت ئێستای کوردستانیش دەچێت، هەر بۆ نموونە هەرێمی کوردستان جیا لەو

**جیاوازیەکی زۆر نابینم لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا. خەڵکی لەپەیوەندیدا بەژێرخانی حکومڕانی و بەخاکەوە بیر لەدەوڵەت دەکەنەوە**

**پێویستە سەرکردە پرۆسەی سیاسی بەڕێوەبەرێت و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لەبەرچاوبگرێت و ڕابەرایەتیی خەڵک بکات و فاکتەرێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان**

خاڵانەی کە بۆ کۆریای باشوور ئاماژەمان پێکردن، خۆشی وەك پارچەیەکی کوردستان جارێکی دیکە کێشــەیەکی دیکەشی هەیە کە ئەویش کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانە کە ٪٤٠ی خاکی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا پێکدەهێنێت، بۆیە لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆمان بکەینــەوە ئایا دەبێت ئینتمــای نیشــتمانیمان لەچ ئاســتێکدا بێت بۆئــەوەی ڕووبەڕووی ئــەم هەموو تەحددییانە ببینــەوە؟ ئایا چۆن ئینتمای نیشتمانی بکەینە فاکتەرێك بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی بۆئــەوەی هەموو تواناکان پێکەوە کارلێك بکەن و پێکەوە هەڵســوڕێن بۆئەوەی هەم بتوانین وڵات بونیاد بنێینەوە و هەمیش بتوانیــن بەرپەرچی تەحددییە دەرەکییەکان بدەینەوە.

٢- خاڵێکی دیکە کە لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا هەڵسەنگاندنی کێشە هاوبەشەکانی تێکــڕای وڵاتانی جیهانی ســێهەم بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو وڵاتانی تازە پێگەیشــتوو کۆمەڵێك کێشەی هاوبەشیان هەیە، وەك نەبوونی ژێرخانەکان(واتە هەموو ژێرخانی خزمەتگوزاریی و پەروەردەیی و... تاد) لەم خاڵەدا گرنگە وەك هێڵی گشتی ڕێکخســتنەوەی ژێرخانــەکان لەبەرچاو بگیرێــت، بــەڵام لەهەمانکاتــدا ناکرێت تایبەتمەندی وڵات فەرامۆش بکرێت، هەر بۆ نموونە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێــراق هەردووکیان پێویســتیان بەرێکخســتنەوەی ژێرخانی یاســایی و پیادەکردنی ســەروەریی یاسا هەبێت، بەڵام وەك ئێســتا دەبینین هــەر لەچوارچێوەی دەســتووری عێراقیشــدا ئەو بــوارەی بۆ هەمووارکردنی یاساکان لەهەرێمی کوردستان هەیــە لەوانەیە لەبەغدا ئــەو بوارە نەبێت، نموونــەی دیار لەمبــارەوە هەموارکردنی یاســای باری کەســێتی و قەدەغەکردنی فرەژنیە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمە لەبەشــەکانی دیکەی عێــراق هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە، ئەمــە مانای ئەوە نییە لەبەشــەکانی دیکەی عێراق پێویســتیان بــەو هەموارکردنە نییە، نەخێــر ئەوانیش پێویســتیان پێیەتی، بەڵام پێویســت نییە کوردســتان ئەم هەنــگاوە هەڵنەگرێت کە هێشــتا بارودۆخەکە لەبەشەکانی دیکەی عێــراق لەبار نییــە، هەروەهــا لەبواری پــەروەردە دەکرێت لەکوردســتان ژێرخانی پــەروەردە بەجۆرێك ڕێکبخرێتــەوە، بەڵام ئەو شێوازە بۆ بەشــەکانی دیکەی عێراق گونجــاو نەبێت، کەواتە لەم خاڵەدا دەکرێت ئامــاژە بەوە بکرێت کە هەندێك کێشــەی هاوبەش لەوڵاتانی جیهانی سێهەم یان تازە پێگەیشتوو هەن، بەڵام مەرج نییە ئەم کێشە هاوبەشانە هەموویان بەیەك شێوە چارەسەر بکرێــن، یاخود یەك شــێواز بۆ هەموویان ڕاســت بێت، لەم خاڵەشــدا کە تاکەکانی نەتەوە ڕووبەڕووی کێشــە هاوبەشــەکانی ئەو قۆناخە دەبنــەوە، ئەوا زۆر گرنگە کە چارەسەرکردنی کێشــەکان لەچوارچێوەی ئینتمای نیشــتمانی و پەرەپێدانی تواناکان بــۆ چارەســەرکردن و ڕێکخســتنەوەی ژێرخانی وڵات بەپێــی تایبەتمەندیەکانی وڵات چارەسەر بکرێت.



**پرۆسەی بونیادی نەتەوە تەنیا لەو وڵاتانەدا سەرکەوتن بەدیدێنێت کە بەرەو ئاراستەیەکی دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرێت**

### ڕۆڵی سەرۆك
### لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو دەوڵەتدا

هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی سەرۆك لەپرۆسەی بونیادی نەتــەوە، واتە هەڵســەنگاندنی ڕۆڵــی ســەرۆك لەپرۆســەی بونیادی دیموکراتــی و گەڕانــەوە بۆ دەســەڵات و ســەروەریی گەل، بۆیە کاتێك باســی پرۆسەی بونیادی نەتەوەش دەکەین باسی پرۆسەی خۆشگوزەرانی نەتەوەیەك دەکەین لەســەر بنەمای مافــی هاووڵاتیبوون و لە کۆمەڵگەیەکــی دیموکراتیدا، هەربۆیە کاتێك دەڵێن فلان ســەرۆك لەپرۆســەی



بونیادی نەتەوە بەهێز و سەرکەتوو بووە، ئەمە مانای ئەوەنییە خاوەنی سوپا و هێزی سەربازی گەورە بووە، بەڵکو بەو مانایە بەکاری دەهێنین سەرۆك ئیرادەی بونیادی دامەزراوە و ئیرادەی وەڵامدانەوەی خواستی گەلەکەی خۆی هەبووە، سەبارەت بە رۆڵی سەرۆك لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئامیا چادوری ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کەلکۆتا لەهیندستان کرد، سەبارەت بە رۆڵی سەرکردە، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی:(سەرۆك رێبەرایەتی پرۆسەی سیاسیی دەکات، پرۆسەی سیاسیش شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بۆیە لەنێو هەموو شێوازەکاندا تەنیا لەکۆمەڵگەی دیموکراتی دەتوانین بڵێین پرۆسەی سیاسی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، هەڵبەتە بەبێ دیموکراسیەت پرۆسەی بونیادی نەتەوە بوونی نابێت لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و گرووپ و ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە یەکتری قبوڵ نەکەن و پێکەوەژیان رەتبکەنەوە، ئەوکات بونیادی نەتەوە زەحمەت دەبێت، هەربۆیە پێویستە پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەیان هەبێت، پێویستە دەسەڵاتی دەوڵەت کاربکات بۆ پێکەوەگونجاندنی گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەپێناو خولقاندنی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە لەنێو هاووڵاتیان بەشێوازی دیموکراسییانە، پێویستە هەموو هاووڵاتیانی یەك دەوڵەت بەهەموو گرووپ و ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانیەوە خاوەن ماف بن بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لەگەڵ فەراهەمکردنی ئازادی را دەربڕین، پێویستە دەوڵەت بوار و ماف و ئازادییەکان بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکات بۆئەوەی پەرە بەخۆیان بدەن لەپێناو پاراستنی ناسنامەی

**بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکە تێیدا ناسنامەیەکی هاوبەش گەڵاڵە دەکرێت و خەڵکیش وەك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو لەخۆیان دەڕوانن**

**بونیادنانی دەوڵەت پەیوەستە بەبونیادنانی توانای دەوڵەت لەپێوەندیدا بەدەزگای بیرۆکراسی، هێزی پۆلیس و دەزگایەکی قەزائی کە بەشێوەیەکی باش ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات**

نەتەوەیی و کەلتور و شێوازەکانی ژیانیان. بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت پرۆسەی بونیادی نەتەوە تەنیا لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو دەبێت کە بەرەو ئاراستەیەکی دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرێت، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەسیستەمی دیموکراسیدا هاووڵاتیان سەرکردەکان هەڵدەبژێرن، هەربۆیە پێویستە لەسەر سەرکردەکان بەرژەوەندییەکانی دەنگدەرەکان لەبەرچاوبگرن، رۆڵی سەرکردە زۆر گرنگە، بەڵام هاوکات پێویستە سەرکردە پرۆسەی سیاسی بەرێوەبەرێت و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لەبەرچاوبگرێت و رابەرایەتیی خەڵك بکات و فاکتەرێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان. مەهاتما گاندی خاوەن تێروانینێکی دوور بوو بۆ ئازادی و پەرەپێدانی وڵات، ئامانجی پەرەپێدانی ناوچە گوندییەکان بوو، هەربۆیە لەو سەردەمەدا باسی لامەرکەزیەتی دەکرد و جەختی دەکردەوە پێویستە هەموان بەشداربن لەپرۆسەی پەرەپێدان هەر لەهاووڵاتیی ئاساییەوە تا دەگاتە کەسایەتییە باڵادەستەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان، لایەنیکی دیکە تایبەتمەندی هیندستان مۆزائیکیی تەواو بوو، چەندین گرووپ و ئایین و پێکهاتە و زمانی جیاوازی لەخۆگرتووە و هەمووشیان لەیەکتری جیاوازن، هەربۆیە و لەرووی بونیادی نەتەوە پێویستە سەرکردەکان کاربکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەهەمان کاتیشدا کاربکەن بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت، هەندێك جار سەرکردەکان تەنیا بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت هەوڵدەدەن، بەڵام لەمیانی بەهێزکردنی دەوڵەت پرۆسەی بونیادی نەتەوە فەرامۆش دەکەن، هەربۆیە ئەرکی سەرکردەی باش و لێهاتوو و

سەرکەوتوو بریتییە لەبونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لەیەك كاتدا)).


پرۆ فیسۆر ئەمیا چادوری نموونەی گاندی بۆ لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە ئاماژە پێکرد، بۆیە لێرەدا گرنگە ئاماژە بەرۆڵی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە یەکەم سەرۆك بوو لەولاتی خۆیدا وشەی کەمینەی بۆ نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان لابرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت هیچ نەتەوەو ئایینێك بەنەتەوەی زۆرینە و ئایینی زۆرینە لەقەڵەم بدرێت و ئایین و نەتەوە رێز و بەهای خۆی هەیە، ئەوجا بەژمارە کەم بن یان زۆر بن، بۆیە لای پسپۆران سەرکردەی



**ئامیا چادوری بۆ گوڵان:**

**ئەرکی سەرکردەی باش و لێهاتوو و سەرکەوتوو بریتییە لەبونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لەیەك كاتدا**

بەهێز سەرکردەی دیموکراتی و لێبوردەیە، لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ئەبوبەکر بەها ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی نۆرس ئیلینۆس کرد، سەبارەت بەم لایەنەی سەرۆکی بەهێز، پرۆ فیسۆر بەها بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (سەرکردەی دیموکراتی بەراستی سەرکردەیەکی بەهێزە. ئەویش لەبەر سروشتی پرۆسە دیموکراتیەکە، کە ناتوانێت هەموو ئەو شتانەی دەتەوێت بەدەستیان بهێنێت. بۆ ئەمەش نەتەوە پێویستی بەسەرکردەیەکی خاوەن کاریزما هەیە کە ناسرابێت بەنەزاهەت و سەرکردەیەك خاوەنی هەڵوێستی ئەخلاقی بێت لەئاست خەڵكدا، واتە سەرکردەیەك کە خەلفیەتێکی باشی هەبێت و پێگەیەکی ئەخلاقی هەبێت کە بتوانێت خەڵك سازبدات، دەتوانین ئاماژە بەنموونەگەلێکی زۆر بکەین کە هەر کاتێك قۆناغی ڕاگوزەری بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنراوە، ئەوا سەرکردەیەك هەبووە، وەك نێلسۆن ماندێلا لەئەفریقیای باشوور، هەروەها چەندین سەرکردەی دیکە لەئەوروپای ڕۆژهەڵات. کەواتە دەتوانین بڵێین بەهێز ئەوەنییە کە بتوانێت هەر شتێك بەدەست بهێنێت کە بیەوێت، بەڵکو ئەوەیە توانای سازدان و کۆکردنەوەی خەڵکی هەیە، ئەوەش گرێدراوە بەپێگە و هەڵوێستی ئەخلاقییەوە. دەکرێت بەمانا تەقلیدیەکەی سەرکردەی بەهێز ئەوەبێت کە هەرشتێك بەدەست بهێنێت کە خواستی لەسەر بێت، ڕەنگە ئەمە لەمەودای کورتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام لەمەودای دووردا ئەم ئەنجامەی لێناکەوێتەوە. دواتر دەبێت دامەزراوەکان بونیاد بنێن، ئەمە لەهەموو ئەو وڵاتانەدا بەدی دەکەین کە سەرکەتووانە قۆناغی ڕاگوزەریان بڕیوە کە سەرکردەکان ڕۆڵیان هەبووە، هەروەها هاوکاربوونە لەبونیادنانی دامەزراوەکاندا، ئەفریقیای باشوور نموونەیەکی باشە لەم ڕووەوە. هەربۆیە کە باس لەبونیادنانی نەتەوە دەکەین، باس لەوە دەکەین وڵاتەکە لەچەند ڕوویەکەوە لەدۆخێکی باشدایە، لەڕووی سەقامگیری سیاسییەوە لەدۆخێکی باشدایە، لەڕووی ئازادی سیاسی و دیموکراسیەوە لەدۆخێکی باشدایە، هەروەها لەڕووی بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. کەواتە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئەو پرۆسەیەیە کە وڵاتەکە بەرەوپێش دەبات، پێوەری ئەوەش بریتییە لەسەقامگیری، ئازادی فەراهەمکراو بۆ خەڵك، هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی. واتە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئەوەیە کە خەڵکی هەست بکەن ژیانیان باشترە، لەڕووی سیاسییەوە، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. کەواتە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە باشترکردنی دۆخی ئابووری و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ خەڵك لەخۆدەگرێت. لەڕاستیدا شێوازی جیاواز هەیە بۆ بونیادنانی ئابووری و بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئابووری وڵاتەکە گەشەبکات و بەرەوپێشەوەبچێت. لەزۆرێك لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا سەرچاوەی سروشتی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن داهاتی ئەو سەرچاوانە بەکار دەهێنرێت؟ هەر بۆیە من لەم چوارچێوەیەدا جیاوازیەکی زۆر نابینم لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا، خەڵکی لەپێوەندیدا بەژێرخانی حکومڕانی و بەخاکەوە بیر لەدەوڵەت دەکەنەوە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە تۆ بێ دەوڵەت ناتوانیت نەتەوەت هەبێت و بێ نەتەوەش ناتوانیت دەوڵەتت هەبێت، هەروەها ئەگەر نەتەوە و خاکیشت هەبوو، بەڵام دەوڵەتت نەبوو، وەك فەلەستینیەکان، ئەوا ئامانجەکە ئەوەیە چۆن دەوڵەتێك بونیاد بنێیت، بەتێڕوانینی من نەتەوە و دەوڵەت کەم تا زۆر یەك شتن. ئێمە لێرەدا باس لەو




**ئەبوبکر بەها بۆ گوڵان:**

**نەتەوە پێویستی بەسەرکردەیەکی خاوەن کاریزما هەیە کە ناسرابێت بەنەزاهەت و خاوەنی هەڵوێستی ئەخلاقی بێت لەئاست خەڵکدا**

دەوڵەتانە ناکەین کە تەنیا نەتەوەیەکی تێدا دەژی، بەڵکو ئێمە باس لەدەوڵەتێکی فرە نەتەوە دەکەین)).

پرۆ فیسۆر بەها وەك ڕۆژهەڵاتیەك وای دەبینێت پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەت یەك شتن و لەیەکتری جیا ناکرێنەوە، بەڵام وەك لەپێشەکی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، بیرمەندی ناسراوی جیهانی فۆکۆیاما ئەم دوو پرۆسەیە لێك جیادەکاتەوە، بۆیە هەر سەبارەت بەگرێدانەوە و جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ئادەم زگفیلد ئوستادی یاسا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد کرد کە تایبەتمەندیشە لەسەرڕوویی یاسا

و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا، لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لەڕووی مێژووییەوە، سەرکردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەپرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا، بەتایبەتی ئەگەر لەئەزموونەکانی جیهانی ڕۆژئاوا بڕوانین. بەڵام لەئێستادا، ئەو هەل و مەرجەی لەسایەیەدا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بەڕێوەدەچێت زۆر جیاوازە. لەسەدەی نۆزدە و بیستدا، زۆرێك لەپرۆژەکانی بونیادنانی نەتەوە گرێدرابوون بەخەباتی دژە ئیمپریالی و دژە کۆلۆنیالیەوە. سەرکردە نەتەوەییەکان گرنگیەکی گەورەیان هەبوو لەسازدانی خەڵك لەدژی هێزی ئیمپریالی و کۆلۆنیالی، بەم کارەشیان، هاوکاربوون



ئادەم زگفیلد بۆ گوڵان:

**ئەوەی زۆر گرنگە بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە متمانە و هاوکاریە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا**

لەبونیادنانی هەستی نەتەوەییدا. لەمڕۆدا، ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم بێزراون، زۆرێکیش لەپرۆسەکانی بونیادنانی نەتەوە لەبارودۆخی دوای ناکۆکیدا بەڕێوەدەچن بەچەشنی عێراق. لەم سیاقانەدا، ئەوەی زۆر گرنگە بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە (یان دووبارە بونیادنانەوە) بریتییە لەمتمانە و هاوکاری لەنێوان لایەنەکانی ناکۆکیەکەدا. سەرکردەکان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەکە،. دەتوانن ببنە نموونە لەڕێی پیادەکردنی سیاسەتێکەوە کە سنووری ئەو هێڵانە ببڕن کە دەبنەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە. بەڵام دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە دوو شتی تەواو لێکجیاوازن.

بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکە تێیدا ناسنامەیەکی هاوبەش گەڵاڵە دەکرێت و خەڵکیش وەك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەخۆیان دەڕوانن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئێمە پتر باس لەهاووڵاتیبون دەکەین وەك بنەمای بونیادنانی نەتەوە. کەواتە بونیادنانی نەتەوە پرۆسەیەکە تێیدا هاووڵاتیان بەو شێوەیە لەخۆیان دەڕوانن کە ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە. بەپێچەوانەوە، بونیادنانی دەوڵەت پەیوەستە بەبونیادنانی تواناکانی دەوڵەت لەپێوەندیدا بەدەزگای بیرۆکراسی، هێزی پۆلیس و دەزگایەکی قەزائی کە بەشێوەیەکی باش ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات. لەزۆر ڕووەوە، ئەم دوو پرۆسەیە زۆر جیاوازن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەوڵەتەی توانای پاراستنی یاسا و نیزام، سەپاندنی یاسا و بەدەمەوەچوونی پێداویستیەکانی خەڵکی هەیە، زیاتر توانای کەسبکردنی دڵسۆزی هاووڵاتیەکانی هەیە. ئەگەر هاووڵاتیان دڵسۆزیەکی هاوبەشیان هەبێت بۆ دەوڵەت، ئەمە دەبێتە بناغەیەك بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش)).

ئەم بۆچوونەی زاگفیلد کە زیاتر بۆچوونێکی یاساییە و جەخت لەسەر بۆچوونەکەی فۆکۆیاما دەکاتەوە، دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی یاسایی بیرۆکراسی سەیر دەکات نەك وەك ناسنامەی نەتەوەییەك، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتێك بەهێز نەبێت و نەتوانێت مافی هاووڵاتیبوون بچەسپێنێت و ناسنامەی هاوبەش بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، ئەوا دەبێتە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پێش پرۆسەیی بونیادنانی دەوڵەت دەخرێت، بەڵام پرۆفیسۆر ئوریت ڕۆزین ئوستادی سیسۆلۆژی لەزانکۆی تەلئەبیب، پێیوایە ڕۆڵی سەرکردە گرنگە بۆ بونیادی دامەزراوەکان و دامەزراوەکان و ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، لەم ڕووەوە ئاماژە بەجیاوازی نێوان کۆریای باکوور و باشوور دەکات و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەردەبڕێ و دەڵێت: (مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بەخودی سەرکردە، بەڵکو هەروەها پەیوەستە بەسیستەمی سیاسی و سیستەمی ئابووری، بۆنموونە لەڕووی بونیادنانی دیموکراسییەت، پرۆسەی بونیادی دیموکراسییەت زیاتر لەوڵاتە نادیموکراسییەکان سەرکەوتووە، دیموکراسییەت باشترین سیستەمە بەشێوەیەك کە پێویستە هاووڵاتیان هەست بەوە بکەن کە هاندەر لەبەردەمیان هەیە بۆ بەشداربوون، لەبەرئەوەی ئەگەر هاووڵاتی هەست بەئازادی بکات ئەوکات خۆی بەخاوەنی وڵاتەکە دەزانێت و هاوکات خۆویستانە دەستپێشخەریی بۆ وڵاتەکەی دەبێت نەك بەزۆرەملێ، هەربۆیە من پێموایە کە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بەسەرکردە، بەڵکو هەروەها پەیوەستە بەسیستەمەکەیش، بەڵام سەبارەت بە»کۆریا« دەبینین دوو سیستەم هەیە



ئوریت ڕۆزین بۆ گوڵان:

**ئەگەر هاووڵاتی هەست بەئازادی بکات ئەوکات خۆی بەخاوەنی وڵاتەکە دەزانێت و خۆویستانە دەستپێشخەریی بۆ وڵاتەکەی دەبێت**

لە»کۆریای باشوور« سیستەمێکی دیموکراتی هەیە، بەڵام لە»کۆریای باکوور« سیستەمێکی کۆمیونیزم هەیە، یاخود سیستەمێکی کۆمیونیزمی خراپ، سیستەمێکی سۆشیالیزمی خراپ، لە»کۆریای باشوور« ڕێز لەژیانی هاووڵاتیانیان دەگرن لەکاتێکدا لە»کۆریای باکوور« ڕێز نییە بەرامبەر ژیانی هاووڵاتیان، هەربۆیە بەڕای من ئەم مەسەلەیە بەسیستەمەکەیە دیگۆڕێت، سیستەمی ئابووری و سیاسیی کە دەبێتە سرووش و هاندەر بۆ سەرکردە بۆ لەباوەشگرتن و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان)).

# گەنجانی تووڕە و سیاسەتی پشتگوێخستن

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



یەکێ لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی حکومەتی مۆدێرن لەو پلانانەدا دەردەکەوێ کە تەرخانیان دەکات بۆ ئەکتیڤکردنی گەنجان. گەنجانی وڵاتێك وزەیەکی بەجەوهەر خرۆشاون و ئەم خرۆشانە هەم پێویستی بە ڕامکردن و هەم پێویستی بە ئاراستەکردن هەیە. ڕامکردنیان بەو مەبەستەی کە وزەی داهێنان و خۆنوێکردنەوەیان پەرتەوازە نەبێت و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو ئامانجانەی کە خواستی گەنجان خۆیانن وەك ئەندام و بکەری کۆمەڵایەتی. هەر لەم پێودانگەشەوە، یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوان سیستەمە سیاسیە کراوەکان و سیستەمە داخراوەکاندا بریتیە لە ڕێژەی کرانەوە و داخرانیان بەرەو ڕووی گەنجاندا. بەگشتی سیستەمە سیاسییە کراوەکان کێشەی گەنجان بەعەقڵانی دەکەن و دەیانەوێ لەڕێگەی یاسایی و دەسەڵاتی سیاسییەوە چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، لەکاتێکدا سیستەمە سیاسییە داخراوەکان هەڵدەستن بە چەپاندن و کۆنترۆڵکردنی کێشەی گەنجان و بەهۆی بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. هەم سیاسەتی عەقڵانیانەی جیاواز هەن، وەك ئەوەی لە کۆمەڵگاکراوەکاندا باوە و کێشەی گەنجان گرەوی سیاسی گەورەی لەسەر دەکرێ، هەم شێوازی کۆنترۆڵکردنی زەبرو زەنگانەی وزەی گەنجانیش فرەن، وەك ئەوەی لە سیستەمە سیاسیە داخراوەکانی وەك وڵاتانی عەرەبی پەیڕەوی لێدەکرێ. لە وڵاتی ئێمەدا سەنتەرکردنەوە و دروستکردنی ڕێکخراوە حیزبییەکان و وەرزشاویکردن و حەفلاویکردنی گەنجان، تەنیا چەند شێوەیەکی کۆنترۆڵکردنی گەنجەکانن و شێوەی دیکەش هەن..

بەپێی هەندێ ئامار و سەرژمێری کە لە کوردستاندا ئەنجامدراون، ئێمە کۆمەڵگایەکی گەنجین ئەمەش بەو پێیەی لەسەرووی ٤٦٪ی هاوڵاتیانی ئێمە لە گەنجان پێکدێ و ڕێژەی گشتی تەمەنی ئەمانەش لەنێوان حەڤدە بۆ سی و پێنجساڵانە. ئەم ڕێژەیەش لەگەڵ ئەو سیاسەتی خێزانداریەی بەعسییەکان لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە و لەگەرمەی شەڕیاندا لەگەڵ ئێران، هانی پەیڕەویکردنیان دەدا وێکدێتەوە، چونکە لەوکاتەوە هاندانێکی سیاسی دروستبوو بۆ ئەوەی خێزانەکان ئازاد بن لە خستنەوەی نەوەدا. بەمانایەکی دیکە: ئەو نەوەیەی بەعسییەکان دەیانویست دروستی بکەن و بیکەنە سووتەمەنی جەنگەکان، ئەو سیاسەتی خێزاندارییەی بۆ ئەو مەبەستە خستیانە گەڕ، دواجار بووە هۆی سەرهەڵدانی نەوەیەك کە لەناوجەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چاوی کردەوە. بەڵام نەوەیەك هەرگیز نەبینرا و گوێی لێنەگیرا. بۆیە ئەم نەوەیە هەردەبێ شەڕی خۆی بکات، وەلێ نە ئەو شەڕەی لە نیازی بەعسییەکاندا بوو، بەڵکو شەڕێکی مەجازی ئەوان لەگەڵ کەمتەرخەمی و ناعەدالەتییەك کە نەبوونی سیاسەتێکی مۆدێرن و پلاندانانێکی هاوچەرخ لە حکومەتی هەرێمدا، بەسەر ئەوانیدا سەپاندووە. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: چۆن ئەو سیاسەتە خێزانییەی بەعسییەکان خستیانەگەڕ بۆ خستنەوەی ئەم نەوەیە بە ئامانجی کردنیان بە سووتەمەنی شەڕ، سیاسەتێکی هەڵە بوو، هەروەها گەمژەیی فیودالیانەی بەعسییەکانی لە ئاست دنیای هاوچەرخدا دەردەخست، کە ئیدی پێویستی بە نەوەی جەنگاوەر نییە و گەنجایەتی مۆدێرن جیاوازە لە گەنجایەتی بە تێگەیشتنە فیوداڵییەکەی، ئاواش (سیاسەتی پشتگوێخستن) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە نەوەی نوێ، ناحاڵی بوونێك بەرامبەر بەو وزە گەورەیە ئاشکرا دەکات، کە هەم دەتوانێ تازەکەرەوەی

**حکومەت پێویستە نەهێڵێ یاسایەک پەسەند بکرێ، یان بڕیارێک لە دامودەزگاکانییەوە دەرچێ کە لە بەرژەوەندی گەنجان بدات، ڕێگەش بە هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی نەدات لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت گووشار بۆسەر گەنجان بهێنێ**

تواناکانی ئـــەم حکومەتە و هەم بۆی هەیە گۆڕهەڵکەنی بێت. کورتریـــن و دەقیقترین وەسـفێ کە بتوانین بۆ پەیوەندیی حکومەت و گەنجان بیکەین ئەمەیە: ئەم حکومەتە لە ئاست وزەی گەنجاندا هەم کەڕە، هەم نابینایە و هەم ناحاڵییە و هیچ سیاســەتێك ئەوەندە گەنجەکانی کۆمەڵگای خۆی پشـتگوێ نەخســتووە. با ســەرەتا بەکورتــی بزانین پشتگوێخستن چییە؟ پشتگوێخستن بریتیە لەو سیاسەتەی کە لەڕێگەیەوە تۆ داخوازی و پێویستی و مەرجی ئەوانەی چاوەڕوانیان لێــت هەیــە، دەزانیت و گوێــت لێدەبێ و تێشدەگەیت، بەڵام بەگرنگی دانانێیت و پشت گوێتی دەخەیت، واتە گوێت بەکار ناهێنی و کۆمەڵێ شت بە هەڵپەسێردراوەیی دەهێڵیتەوە کە تا بێــت، گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبن. یەکێ لە گریمانەکانی پشتگوێخســتن، کەڕییە، یەکێکیان نابینایییە و ئەوانیتریش بڕوانەبوون بە داهاتوو و نەبوونی تێگەیشتنێکی تایبەت لە کات. لە حاڵەتــی کەڕبوونی حکومەتدا پێویســتیمان بە بەرزکردنەوەی دەنگ هەیە، لە دۆخــی نابینایی حکومەتدا پێویســتە گەنجەکان و توێژەکان خۆیان بەرجەستەبکەن و لە گرووپێکی نادیارەوە ببنە گرووپێکی دیار و بینراو. لەو دۆخەشدا کە سیاسەتێك نییە بۆ داهاتوو، دەبێ چاوەڕوانی کۆتاییەکان بین و لە هەموویشی تراژیدیتر ئەوەیە کە حکومەت و سیاســەتێکت هەبێ هیچ تێگەیشتنێکی نەبێــت لــە کات، وەك فاکتەرێکی گرنگ کە خۆی و گەنجەکان پێکەوە دەبەســتێتەوە. حکومەتی لەبابەت ئـــەوەی ئێمە بەوهۆیەوە کە بەشـــێکی زۆری وزەی شۆڕشگێڕانەی خۆی لـــە بەرەنگاربوونـــەوەی داگیرکەردا مەســـرەفکردووە، پێویســـتییەکی زۆری بە تازەکردنـــەوەی وزەی خۆی هەیە لە دۆخی ئێستادا و بەو ڕیسۆرس و زەخیرەیەی ئێستا کۆمەڵگا دەیخاتە بەردەســتی. لە پێواری

ئەم تێگەیشــتنەدا بــۆ کات، ئەم حکومەتە ناچار دەبێ ئەو لاشــە نیوەمردووانە بەدوای خۆیدا ڕابکێشــێ کە دواجار لەناو گەندەڵیدا دایەڕزێنــن. بەبێ هیچ گومانێك هەبوونی دیــاردەی گەندەڵی پەیوەندیشــی هەیە بە نەبوونی گەنجان و سیاسەتێکی گەنجانە لە حکومەتی هەرێمدا، بەبێ ئەوەی گوتبێتم ئەو گەنجانەی ئێســتە لەم حکومەتەدا پۆستیان هەیــە، گەندەڵ نین. هــەر لەپەیوەندیی بە گەندەڵییەوە، ئەم حکومەتەی ئێستای ئێمە زیاتــر لەوەی دامەزراوەیەکــی مۆدێرن بێت کە سیاســەت و ئابووری و پلاندانان پێکەوە تێهەڵکێش بکات، لە خانی کاروانچییەکانی خۆرهەڵاتی جــاران دەچێ، کــە هەرچی دەهات کەرە لاتەکەی خۆی لەوێ دەلەوەڕاند و دوایــش شــەوێك دزییەکــی دەکــرد و هەڵدەهــات، بەڵام دوایی کــە دەیانگرت بە هەرجۆرێ بووە خۆی دەکردە خزمی سەپانی ماڵی پاشا، بۆیە بەرەڵڵا دەکرا. ئەوانەی لە کاروانسەرای حکومەتی هەرێمدا بە ئارەزووی

**ئێمە کۆمەڵگایەکی گەنجین ئەمەش بەو پێیەی لەسەرووی ٤٦٪ی هاوڵاتیانی ئێمە لە گەنجان پێکدێ**

خۆیان دەخۆن، زۆربەیــان نەك هەر خاوەنی کەرەلاتێکیــش نەبوون، بەڵکــو جیاوازییان لەگەڵ دزەکانی ســەدەی شازدە و حەڤدەهەم لەوەدایە کە ئەمان بە ڕۆژی ئاشکرا ئەوکارە دەکەن و ئەوەندەش بەدەســەڵاتن کە دەتوانن حکومەمان بەســەردا بدەن کــە نەیانبینین و بڕوامان پێبهێنن کە ئەوان لایقی ئەو هەموو دەســتکەوتانەن، کە بێگومان لەسەر حسابی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵــگا تەواو دەبێ، بەتایبەتی توێژی گەنجان..

بەکورتــی: ئــەم حکومەتەی ئێســتای ئێمە ســەبارەت بە کێشــەی گەنجان و بە سیاسیکردنی ئەو کێشەیە هەنگاوی جیدی نەناوە. بــۆ نموونە دروســتکردنی وەزارەت بەنــاوی لاوانەوە، زیاتر نومایشــێکە لەوەی بینینی ڕاســتەقینەی کێشەی لاوەکان بێت. کێشــەی لاوەکان تەنیا بۆتــە دیمەنێك بۆ تەماشاکردن و نواندن، نەك بووبێتە مەسەلەیەك کە پێویســتی بە پلاندڕشتن و چارەسەری جیدی هەیە. لاوەکانی کوردستان هەستێکی

قووڵیان ســەبارەت بە حکومەتەکەیان تێدا دروســتبووە و پێیانوایە ناســنامەی ئەوان لەناو بەرنامەی کاری سیاسیدا دیار نییە. ئەوان یادەوەری ناخۆشــیان بۆ دروستبووە لەگەڵ لایەنە جێبەجێکەرەکانی حکومەتدا، چ لەکاتی خۆپیشــاندانەکان و چ لەکاتی چوونیــان بۆ بــەردەم فەرمانگــەکان و شوێنەکانی دامەزراندن. نائومێدی لەلای گەنجانی کــورد لــە پراکتیزەکردنی ئەو کەلتوورە شــەرانی و توندوتیــژەوە هاتووە کــە نەك تەنیا لــە دامــەزراوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەســەریاندا دەســەپێ، بەڵکو دامەزراوە حکومییەکانیش بەهەمان ڕەفتار لەگەڵیان دەجوڵێنەوە. ئەوان باس لە غیابی ســەرۆکی حکومەت لەناو خۆیاندا دەکەن بە مژدەی ڕاستەقینەوە، لەکاتێکدا بەچــاوی خۆیان ســەرۆکی حکومەت لە شــوێنەکانی تر و بۆنەی تر و لەناو چین و توێژەکانیتردا دەبینن. ئەمەش هەســتی نامۆبوونــی سیاســیانەی ئەوانی قووڵتر کردۆتەوە و ڕەنگدانــەوەی زۆری هەبووە لە لاوازکردنــی ئینتیما و پابەندێتیاندا بە حکومەتەوە، نەك بە نیشتیمانەکەیانەوە.

بە زمانێکی کۆمەڵناســیانەتر، دەتوانین بڵێن: سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر گەنجانــدا نەیتوانیوە لەو گرووپە گەورەیە بەکۆمەڵبوونێکی ئەخلاقی دروســتبکات و لــەو تاکە کەســانەوە کــە حکومەتی بەعس دایانابوون بیانکات بە ســووتەمەنی جەنگ، (وەك ئەوەی لە شــەڕی ئێران و لــە داگیرکردنی کوێت دا باوکانی ئەوانی وەك مریشکی مەسلەحە، ناردبووە بەرەکانی جەنگ)، بیانکات بە (ئێمە)یەکی ئەخلاقی متمانەپێکــراو، (ئێمە)یەکــی وەفادار و (ئێمە)یەکی یەکگرتــوو. بەپێی بیروڕای هەندێ کۆمەڵناسی نوێ، کە لە گۆڕانە خێراکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەکۆڵنەوە، بۆ دروســتکردن و پێکهێنانی کۆمەڵە، یان هێزی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنیان بۆ

**لاوەکانی کوردستان هەستێکی قووڵیان سەبارەت بە حکومەتەکەیان تێدا دروستبووە و پێیانوایە ناسنامەی ئەوان لەناو بەرنامەی کاری سیاسیدا دیار نییە**

بەرهەمهێنانەوەی تەندروستانەی کۆمەڵگا، پێویستیمان بە کارکردن هەیە لە سێ قۆڵەوە. ئەگەر ویستمان، یان ئەگەر حکومەت ویستی سیاسەتێکی کاراکردنی گەنجان دابڕێژێ و ئەو کۆمەڵ و هێزە لە گەنجان دروستبکات کە مانەوەی دوارۆژی خۆی و کۆمەڵگایان پێوە بەندە، ئەوە پێویستە یەکەم: متمانەیان بە خۆی بەهێز بکات. متمانە، واتە ئەو چاوەڕوانییەی گەنجان پڕبکاتەوە کە لە بیرکردنەوە و بڕیاردان و کارکردنی پەسەندی ئەوانیتریان هەیە لەبەرامبەر خۆیاندا. گەنجان چاوەڕوانیان لە خۆیان و خێزان و هاوڕێ و مامۆستاکانیان و دەوروبەریان هەیە، هەندێ لەو چاوەڕوانیانە دێنە دی و هەندێکیتریان نا، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی سەرەکییان لە حکومەت هەیە. حکومەت لە کۆمەڵگای مۆدێرندا (باوکی) ڕاستەقینەی گەنجانە، بەڵام بۆ هاتنەدی ئەو چاوەڕوانیانە پێویستە حکومەت گەنجەکانی ببینێت، تێیان گەیشتبێت و ئەو پەیمانانەی پێیداون جێبەجێی کردبن: پەیوەندی نێوان حکومەت و گەنجان پەیوەندیی نیگا و ئیدراک و کردەیە، نەک پەیوەندی تەماشا و پشتگوێخستن و مژدەبەخشین.

دووەمین هەنگاو کە پێویستە حکومەت لە ئاست گەنجاندا بیهاوێ بریتیە لە بەهێزکردنی پابەندێتی و وەفاداری گەنجان بەخۆی، ئەمەش بەهۆی سووربوون لەسەر ئەو بنەمایەی کە ناهێڵێ متمانەی گەنجان بە حکومەتەکەیان لەق ببێ و چاوەڕوانیەکانیان ببنە بڵقی سەرئاو. ئەم خاڵە ئەوەش دەگرێتە خۆی کە حکومەت نەهێڵێ یاسایەك پەسەند بکرێ، یان بڕیارێك لە دامودەزگاكانییەوە دەرچێ كە لە بەرژەوەندی گەنجان بدات و ڕێگەش بە هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی نەدات لەژێر هەر ناونیشانێکدا، گووشار بۆسەر گەنجان بهێنێ و سەرەتا تێگەیشتن و لێبووردەیی لەنێوانیاندا دروستبکات و ئەگەر نەیخوارد، ئەوە پێویستە سزای یاسایی توند بۆ هەموو ئەوانە ببڕێتەوە، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر بەرژەوەندی گەنجەکان. سێهەمین هەنگاو کە پێویستە حکومەت بینێ بریتیە لە یەکخستن و یەکدەنگکردنی گەنجەکان و دوور کەوتنەوە لە سیاسەتی دووکەرتکردن و فیتنەنانەوە و دابەشکردنیان بەسەر ڕێکخراوە ڕەنگاوڕەنگەکاندا. ئەم هەنگاوە گەنجەکان ڕادەهێنێ تا وابیر بکەنەوە، وێڕای جیاوازییان لەگەڵ گرووپی دیکەی گەنجاندا، ئەوە پێویستە کۆکبوون و یەکبوونیش بکەنە درووشمی سەرەکییان.

ئەم هەنگاوانە هەریەکەیان لەو فەزایەدا کە تاکەکانی تێدا دەژین گرنگیی خۆیانیان هەیە و بۆ دروستکردنی وزەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەش لە گەنجەکان و بەکارهێنانی سیاسیانەی ئەو وزەیە، نکوڵیان لێناکرێ. گەنجەکان بەهۆی متمانە بەیەکترکردن و متمانەکردنیان بە کۆمەڵگا و دەوڵەت، واتە بەهۆی هەنگاوی یەکەمەوە، فێری هاوڕێیەتی و هونەری دۆستایەتیکردن دەبن. بوونی متمانە خۆی لە خۆیدا بەهێزبوونی کەلتووری دۆستی و هاوڕێیەتییە و لە دژی بەدگومانی و ڕق و کینە. بەهۆی هەنگاوی دووەمەوە، واتە بەهۆی بەهێزکردنی پابەندێتی و وەفادارییەوە، گەنجان دەتوانن ببنە عاشق و ئەڤیندارێکی باش، چونکە لە هەموو پەیوەندییەکی ئەڤیندارانەدا ڕێژەیەکی بەرز لە وەفاداری پێویستە. ئەو وەفادارییە لە سیاسەتەوە فێری دەبین لە ئاست ژیانی هاوبەش و کۆمەڵگا و نیشتیماندا، دواجار لەسەر ئاستی پەیوەندییە تایبەتیەکانیش ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت و عاشقێکی پابەند و وەفادار دروستدەکات. دابەزینی ئاستی وەفاداری و بۆسووتان و خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتن لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و ئاشکرایی ئەو هەموو بێموبالاتییەی بە کردەوە و ئەخلاقی کاربەدەستەکانی ئەم حکومەتەوە دیارە، بۆتە هۆی ئەوەی کە گەنجانیش بە هەمان شێوەی ئەوان مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەن و تەنانەت ساردییەکی بێوێنەی سۆزداری بکەوێتە نێوان گەنجەکان خۆیانەوە. هەموو ئەمانە بەدوور نابینرێن لەو ساردییەی کە لە گوتاری سیاسی حکومەتی هەرێمدا هەیە. سیاسەتێکی وەفادارانە، حکومەتێکی پابەند و لۆیاڵی دەوێ و حکومەتێکی دەروەست بە کێشەی وڵاتەکەی، هاووڵاتی ئەڤیندار و وەفاداریش بەرامبەر بەو حکومەت و کێشە و تەنانەت هاووڵاتیانی تریش پەروەردە دەکات. سەرۆکی حکومەت دەبێ بۆی گرنگ بێ دۆخی سۆزداری نێوان گەنجان لە چیدایە، تا بۆی دەرکەوێ حوکمی کێ دەکات، خۆ ئەگەر زانی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان گەنجانی وڵاتەکەی لە قەیراندان، پێویستە زوو وەخۆی کەوێ و ئەو سانسۆرانەی لەم وڵاتەدا لەسەر ئەڤینداری هەن لا ببات، چونکە هەمان ئەو سانسۆرانە ڕێگریشن لەبەردەم وەفاداریی بەرەی نوێ لە ئاست نیشتیمان و حکومەتەکەیدا. دەمەوێ بڵێم: پڕکردنەوەی خواست و پێویستییە تاکەکەسییەکان سەرەتای ئاشتبوونەوەی تاک و کۆمەڵگا و هاوڵاتیان و سیاسەتن..

بەهۆی هەنگاوی سێیەمەوە، واتە بەهۆی برەودان بە یەکدەنگی و کۆکبوون و لە هەمان کاتیشدا ڕێزگرتن لە جیاوازی، حکومەت دەتوانێ ئینتیما و نیشتیماندۆستی لەلای گەنجان پەرەپێدات و وەك هێزێکی یەکگرتووی پابەند مۆبیلیزەیان بکات. بەمجۆرەش دەتوانین سیاسەتێك بۆ سەرۆکی ئێستا، یان داهاتووی حکومەت پێشنیار بکەین کە بەهۆیەوە دەتوانێ نەهێڵێ ئەو وزە گەورە کۆمەڵایەتیەی گەنجانی کورد لەوە زیاتر بپووکێتەوە و لەناو ئازاری خۆخواردنەوە و بێتاقەتیدا لوول بخوات. ئەو سیاسەتەی ئێمە پێشنیاری دەکەین لە متمانەوە بۆ هاوڕێیەتی و لە وەفادارییەوە بۆ عەشق و لە یەکدەنگییەوە بۆ نیشتیماندۆستی دەگرێتەوە.

**پەیوەندی نێوان حکومەت و گەنجان پەیوەندیی نیگا و ئیدراک و کردەیە، نەک پەیوەندی تەماشا و پشتگوێخستن و مژدەبەخشین**

**(سیاسەتی پشتگوێخستن) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە نەوەی نوێ، ناحاڵی بوونێک بەرامبەر بەو وزە گەورەیە ئاشکرا دەکات**

**گەنجەکان بەهۆی متمانە بەیەکترکردن و متمانەکردنیان بە کۆمەڵگا و دەوڵەت فێری هاوڕێیەتی و هونەری دۆستایەتیکردن دەبن**

بەدەر لە بیرکردنەوە لە سیاسەتێکی ئاوا، گەنجەکان لە ئێستاش تووڕەتر دەبن و ئەوکاتەش نە وزە خرۆشاوەکەیان ڕامدەکرێ و نە ئاراستە. ئەو گەنجانەی قساندەکەن و جاروبار بەوپەڕی وەڕسییەوە ڕازیی دڵی خۆیانت بۆ بەیاندەکەن، بەئازارەوە باسی بەجێهێشتنی نیشتیمان دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوە بەڕوونیی دەڵێن کە دەیانەوێ لەدەست ئەم حکومەتە هەڵبێن. ئەم حکومەتە و سەرۆکەکەی دەبێت هەوڵبدات تێبگات کە بۆچی گەورەترین هێزی کار و ئاییندەی ئەم وڵاتە دەیانەوێ لەدەستی هەڵبێن؟ ئەوان دەیانەوێ ببینرێن و چیدی بە سیناریۆی کاتی هەڵنەخەڵەتێنرێن. ڕەنگە ئەمە زیاتر داواکاریی ئەو گرووپە زۆرەی گەنجان بێت کە لە دەرەوەی ڕێکخراوە ڕەسمییەکانن و نایانەوێ ببنە ئەندام تیایاندا، چونکە بە نوێنەری خۆیانیان نازانن. لەکاتێکدا حکومەت تەنیا مامەڵە و سەروکاری لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ڕەسمیانەدا هەیە. گەنجەکان کێشەی زۆریان لەگەڵ کەلتوورێکی کۆندا هەیە کە سیاسەتی حکومەت پاڵپشتی لەو کەلتوورە دەکات. کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەو هەموو دەستخستنە ناو ژیانیانیان لەلایەن دایکان و باوکان و گەورەکانەوە و ڕۆژێ حکومەت لەوبارەیەوە ڕێنمایی دەرنەکرد کە نابێت زۆر دەستبخرێتە ناو ژیانی تایبەتی گەنجەکانەوە. گەنجەکان دەڵێن: ئێمەش شاری خۆمان، (شاری گەنجان) مان دەوێ، کە بتوانین بە کەمترین نرخ و دەردەسەری تیایدا بژین و شاری یاری و شاری ئینگلیزی و فەرەنسی بە ئێمە چی؟ ئەوان دەڵێن: هیچ یاسایەك نییە لەوکاتەدا کە دڵمان چووە بە کوڕێکدا و بە کچێکدا، پەنای بۆ بەرین تاکو کەلتووری کۆنەپەرستی نەبێتە ڕێگر لەبەر دەممانددا. ئەوان باس لەوە دەکەن کە ناتوانن ئەو کەسەی خۆشیان دەوێ بیکەنە هاوسەریان، چونکە هیچ دەستێکی یارمەتی نییە تاکو ئاسانکارییان بۆبکات لە مەسرەف و پەیداکردنی شوێن و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیدا. ئەدی ئەگەر هەموو ئەمانە چاوەڕوانیی هاوڵاتیان نەبن لە حکومەتەکەیان، ئەی ڕووبەڕووی کێی بکەنەوە؟ بەگەنجێکم گوت: (ئەگەر ببیتە سەرۆکی حکومەت، دەتەوێ چی بکەیت؟) گوتی: (چوونە ژوورەوەی ئەکواپارك لە هەولێر، بە پێنج هەزار دینار و مەڵەکردنیش بە پێنج هەزاری دیکە و یەك بیپسیش بە هەزار دینارە، خۆ من ناچم بۆ بەهەشت، ئێرە ئەمەریکاش نییە، دەمەوێ ئەو نرخانە هەرزان بکەم.)، یەکێکی دیکەیان بۆ وەڵامی هەمان پرسیار گوتی: (ئەگەر ببمە سەرۆکی حکومەت، دەمەوێ یەك ئێوارە بچم بۆ باخچەکەی هوتێل شیراتۆن)! سێهەمیان بە کەساسییەوە گوتی: (باوکم پێی گوتوم سەریشت سپی بکەی ناهێڵێم ئەو کیژەی خۆشتدەوێ، بیهێنی..)، لەکاتێکدا هاوڕێکانی پێکەنین، ئەو بەردەوام بوو: (کە بوومە سەرۆکی حکومەت بڕیارێ دەردەکەم هیچ کەس بە نابەدڵی شوو نەکات و ژن نەهێنێ). بۆ بەیانی کە سوار تەکسیی بووم تابچم بۆ زانکۆ، هەمان پرسیارم لە شۆفێرە گەنجەکە کرد. ئەو بەبێ سێ و دوو گوتی: (قەت نامەوێ ببمە سەرۆکی حکومەت، نامەوێ وەکو ئەوم لێبێت!). دەبێ ئێستا لە سەرۆکی حکومەت بپرسین ئەو چۆن لە قسەی ئەم چوار گەنجەی ئەو حوکمی ژیانیان دەکا، تێدەگات؟ بەڕاستیی ئەو دەبێ وەها تێبگات کە سێ لەسەر چواری گەنجانی ئەم وڵاتە لە دژی نین و دواجار دەیانەوێ ببنە سەرۆکی حکومەت. ئەوان دەزانن کە ئەو پێگەیە پێگەی بڕیاردان و باشترکردنی دۆخی ژیانە و ئەوە دەهێنێ خۆیان ماندوو بکەن. دواجار، دەبێ سەرۆکی حکومەت تێبگات کە ئەو وەڵامانە پڕن لە چاوەڕوانی و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گەنجان هێشتا متمانەی خۆیان بەتەواوی نەدۆڕاندووە. بەڵام سەرۆکی حکومەت، ئێستابێ یان ئەویتر و داهاتوو، یەکێتی بێت یان پارتی، باڵابەرز بێت یان مام ناوەندی، پێویستە وەڵامی چوارەمین گەنج، شۆفێرەکە، بە گرنگیپێدانەوە وەربگرێ: چونکە ئەو هەم (نایەوێ ببێتە سەرۆکی حکومەت) و هەم نایەوێ (وەك سەرۆکی حکومەتی لێبێت). تۆبڵێی ئەمە سەرەتای ئەو زەنگی مەترسییە نەبێت کە ناوی بێمتمانەیی گەنجانی ئێمەیە بە حکومەتەکەیان؟ لە پشت ئەو وەڵامەوە بۆشاییەکی گەورەی نێوان گەنجان و حکومەت دەبینم، کە پێویستە هەر سەرۆکی حکومەتێ بە زوویی کاری بۆ بکات.

* مامۆستا لە بەشی فەلسەفە، زانکۆی سەڵاحەدین

**ئەو گەنجانەی قساندەکەن و جاروبار بەوپەڕی وەڕسییەوە ڕازیی دڵی خۆیانت بۆ بەیاندەکەن، بەئازارەوە باسی بەجێهێشتنی نیشتیمان دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوە بەڕوونیی دەڵێن کە دەیانەوێ لەدەست ئەم حکومەتە هەڵبێن**


**گەنجەکان دەڵێن: ئێمەش شاری خۆمان (شاری گەنجان)مان دەوێ، کە بتوانین بە کەمترین نرخ و دەردەسەری تیایدا بژین و شاری یاری و شاری ئینگلیزی و فەرەنسی بە ئێمە چی؟**

**بۆشاییەکی گەورەی نێوان گەنجان و حکومەت دەبینم، کە پێویستە هەر سەرۆکی حکومەتێ بە زوویی کاری بۆ بکات**

**پرسیاری ئەوەم لە گەنجێکی شۆفێری تەکسی کرد ئەگەر ببیتە سەرۆکی حکومەت، دەتەوێ چی بکەیت؟) ئەو بەبێ سێ و دوو گوتی: (قەت نامەوێ ببمە سەرۆکی حکومەت، نامەوێ وەکو ئەوم لێبێت!)**

## دیمیتری تۆشکۆف بۆ گوڵان:

# ئەگەر خەڵک ئیرادەی بەشداریکردنی لەحکومڕانی و بڕیاردانی دیموکراتی نەبێت، ئەوا باشترین دامەزراوە وەک قاوغێکی بەتاڵ دەمێنێتەوە



**دیمیتری تۆشکۆف ئوستادی کارگێڕی گشتیە لەزانکۆی لیدن لەهۆڵەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی گشتی (Public policy) و ڕێکخراوە حکومیەکان و بونیادی دامەزراوە و ڕیفۆرمکردنیان، بۆقسەکردن لەسەر حکومڕانی باش و بونیادی دمەزراوەکان و گرفتەکانی حکومڕانی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو و جیهانی سێهەمدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** حکومڕانی باش کێشەی سەرەکی وڵاتە تازە گەشەکردووەکانە، ئەویش لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان لەقۆناخی بونیادناندان، ئایا چۆن وڵاتە تازە گەشەکردووەکان دەتوانن بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵبن؟**

- بەتێڕوانینی من دامەزراوەکان بەشێکی گەورەی مەسەلەکەن، هەروەها ئەوەی گرنگە بۆ حکومڕانی باش بریتییە لەکەلتوری سیاسی، دامەزراوەکان ڕێساکانی گەمەکە دیاری دەکەن و ئەوەی وادەکات پابەندبوون هەبێت بەگەمەکەوە کەلتورە سیاسیەکەیە. ئەگەر خەڵکی ئیرادەی بەشداریکردنیان لەحکومڕانی دیموکراسی نەبێت و ئەگەر ئیرادەی بەشداری کردن لەپرۆسەی بڕیاردانی دیموکراتیدا نەبێت، ئەوا تەنانەت باشترین دامەزراوەی جیهان وەك قاوغێکی بەتاڵ دەمێننەوە.

*** لەهەندیك وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەزموونی حکومڕانی ڕۆژئاوا دووبارە دەکەنەوە و داوای هاوکاری و یارمەتیدەر لەشارەزا ڕۆژئاواییەکان دەکەن بۆ پێکهێنان و دروستکردنی حکومەت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەزموونی ڕۆژئاوا یارمەتیدەرە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پەیوەستە بەو خاڵەی پێشوو کە ئاماژەم پێکرد، کە دامەزراوە ڕەسمیەکان ئەگەرچی سەرکەوتووبن لەوڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکادا، ئەوا هیچ زەمانەتێك نییە کە هەمان ئەنجامیان لێبکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان لەژینگەیەکی دیاریکراودا کار دەکەن و هیچ زەمانەتێك نییە کە بەهەمان شێوە سەرکەوتووبن ئەگەر بگوازرێنەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە. من هەلی ئەوەم بۆ ڕەخساوە لەنزیکەوە چاودێری هەندێ ئەزموون بکەم، کاتێك هەندێ لەشارەزایان ڕاسپاردەی گواستنەوەی ئەزموونی دامەزراوەکانی ڕۆژئاوایان بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کرد کە سەرقاڵی پەرەپێدانی دیموکراسی بوون و کاتێك ئابووری بازاڕیان بنیات دەنا، هەندێ لەو دامەزراوانە سەرکەوتوبوون و هەندێکیشیان ئەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتەوە، لەڕاستیدا سەرکەوتنی ئەم دامەزراوانە دەوەستێتەسەر خەڵکەکە. هەندێ دامەزراوە هەن سەرکەوتوو دەبن لەهەموو سیاقێکدا، گرنگ نییە وڵاتێکی

> **دەبێت کۆمەڵگەکان پەرە بەکەلتوری دامەزراوەیی خۆیان بدەن کە ڕەنگە زۆر سەرکەوتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاری کراو**

دەوڵەمەند یان هەژار بێت، گرنگ نییە وڵاتێکی گەشەکردن یان تازەگەشەکردو بێت، وەك سیستمی سەقامگیری دەزگای ئیداری کە نەبووە ئەم سیستمە دامەزرابێت و سوودی بەکۆمەڵگە نەگایەندبێت. کەواتە دەکرێت تا ڕاددەیەك دامەزراوەکان لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە بگوازرێتەوە، بەڵام هیچ زەمانێك نییە کە ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، بۆ نموونە کاتێك هەڵبستین بەگواستنەوەی سیستمی دادگا سەربەخۆکان لەئەوروپاوە-کە دادگا سەربەخۆکان لەئەوروپا سەرکەوتوون لەبەر ئەوەی بەشێکن لەسیستمێکی سیاسی کە ڕاددەیەکی دیاریکراو سەقامگیری هەیە- کەواتە دەتوانیت دادگای سەربەخۆ دروست بکەیت لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا یاخود دەتوانیت سەربەخۆیی بەدامەزراوەیەك بدەیت کە بەرپرسیار نییە لەئاست هیچ کەسێکدا. لەبەر ئەوە من تا ڕاددەیەك بەگومانم لەسوودی گواستنەوەی دامەزراوەکان کە ڕاوێژکارە ڕۆژئاواییەکان ڕاسپاردەی دەکەن. پێموایە دەبێت کۆمەڵگەکان پەرە بەکەلتوری دامەزراوەیی خۆیان بدەن کە ڕەنگە زۆر سەرکەوتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاری کراو، یان کێشەیەکی گشتی و هیچ زەمانێك نییە کە هێنانی دامەزراوەی بیانی دۆخەکە باشتر دەکات.

*** کاری سەرەکی حکومەت وەڵامدانەوەی**

**خواستی لۆکاڵی خەڵکە، بەڵام حکومەت ئەرکی دیکەشی لەسەر شانە، ئایا چۆن حکومەت دەتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستە لۆکاڵەکان بێت و لەئاستی ئەرکە نیشتمانیەکانیشدا بێت؟**

- بەدڵنیاییەوە بەدەمەوچوونی خواستی خەڵك مەرجێکی پێویستە بۆ هەر سیستمێکی سیاسی کە بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات، بەڵام تەنانەت لەدیموکراسیە پێشکەوتووەکانیشدا، لەئەوروپا و ئەمریکا هەموو سیاسەتەکانی حکومەت لەهەموو کاتێکدا جێی ڕەزامەندی خەڵك نابن، کەواتە هەمیشە یەکگرتنەوەی سیاسەتی حکومەت لەگەڵ خواستی خەڵکدا مەسەلەیەکی ڕێژەییە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتنەوەی سیاسەتەکانی حکومەت لەگەڵ خواستی خەڵکدا مەسەلەیەکی پێویستە لەدیموکراسیدا. لەپێوەندیدا بەپیادەکردنی دیموکراسی لەسەر ئاستی مەحەلی یان نەتەوەیی یاخود فیدرالی، ئەوا ئەمە دەوەستێتەسەر ئەو پرس و کێشەیەی ڕووبەڕووی بووینەتەوە، بۆ نموونە ڕەنگە کێشەیەك پێویستی بەڕەچاوکردنی خواستی خەڵکەکە بێت لەسەر ئاستی مەحەلی و ڕەنگە کێشەیەکی دیکە پێویستی بەهەماهەنگکردنی خواستی خەڵکانی ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا بێت، کەواتە ڕاددەیەك لەهەماهەنگیکردن پێویستە. لەپێوەندیدا بەگوزراشتی خەڵکەوە لەخواستەکانیان لەڕێی هەڵبژاردنەوە یان ئەنجومەنە مەحەلیەکان، ئەوا گرنگە بەرپرسەکان دوای بڕیارەکانیش لەئاستی ئەو خەڵکانەدا بەرپرسیار بن. لەبەر ئەوەی دیموکراسی تەنیا پەیوەست نییە بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دەدرێن بەچەشنی خەڵکەکە بتوانن بەرپرسە گەندەڵەکان یان ئەوانەی ئەدایان وەك پێویست نییە لابدەن. بەڵام ئەگەر دیموکراسی زۆر شۆڕبکرێتەوە بۆ ئاستە مەحەلیەکە، ئەوا حکومەت دەسەڵات و داهات و سەرمایەی مرۆیی نابێت بۆ حکومڕانی باش، لەبەر ئەوەی بوونی ڕاددەیەك لەهەماهەنگی نێوان سیاسەتی مەحەلی و فیدراڵی شتێکی باشە.

*** لەوڵاتانی دیموکراتیدا پارتە سیاسییەکان حکومەت پێکدەهێنن، مەبەستم ئەوەیە ئەو پارتانەی هەڵبژاردن دەبەنەوە، ئایا چۆن ئەو پارتە سیاسیانە دەتوانن بەئاستی پێویست ببنە نوێنەری ئەو خەڵکانەشی کە دەنگیان پێنەداون؟**

- تەمەننام دەکرد وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیایە، بەڵام دەبێت چەند شتێك لەبەرچاوبگیرێت، ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەبەدیموکراتیکردندا

**بەدەمەوچوونی خواستی خەڵك مەرجێکی پێویستە بۆ هەر سیستمێکی سیاسی کە بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات**

گرنگە، کە دەبێت ئەوە قبوولبکەن هەر کاتێك شکستیان هێنا لەهەڵبژاردنەکاندا دەسەڵات جێبهێڵن و ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی لەدەسەڵاتدا ڕوودات، کە بەزۆری پارتە سیاسییەکان ئەم پاڵنەرانەیان نییە، کە پێویستیان بەچاکسازیە و پێویستیان بەبناغەیەك هەیە بۆ دامەزراندنی حکومڕانی باش، بۆ نموونە دەزگای ئیداری و هەروەها ئەو بەرپرسانە دەرنەکەن کەسەر بەپارتی پێشو بوون، بەزۆری پارتە سیاسییەکان ئەم پاڵنەرانەیان نییە. لەپێوەندیدا بەوەی دەبێت پارتە سیاسییەکان لەنێو خۆیاندا دیموکراسی بن، ئەوا من ناتوانم وەڵامی ئەمە بدەمەوە. بەڵام ئەگەر لەئەزموونی ئەورووپای ڕۆژئاواوە بڕوانین، ئەوا پارتە سیاسییەکان پتر گرنگی بەکۆکردنەوەی بۆچوون و گرووپی جیاواز دەدەن و بریتین نین لەدەوڵەتێك لەناو دەوڵەتەدا، هەر کاتێك بوونە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا، ئەوا ئەمە دەبێتە گیروگرفت.

*** ئەنجامدانی چاکسازی پێویستی بەتوانا و بەشارەزایی هەیە، چۆن دەتوانرێت لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا چاکسازی بکرێت، چۆن دەتوانرێت توانای ئەنجامدانی چاکسازی بەدەست بهێنرێت؟**

- لەگەڵ توانا و شارەزاییدا پێموایە گرنگترین مەسەلە بوونی ئیرادەیە، لە زۆرێك لەهەل و مەرجەکاندا ئەوانەی لەدەزگای بیرۆکراسیدا کاردەکەن و سیاسییەکان دەزانن ڕێگای ڕاست کامەیە و دەزانن گرتنەبەری ئەم ڕێگایە مومکینە، بەڵام ڕەنگە ئیرادەیان نەبێت لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی زیان پێگەیاندنیان لەمەودای کورتدا. با ئاماژە بەنموونەیەك بکەین کاتێك چاکسازی دیموکراسی و چاکسازی ئابووری لەئەورووپای ناوەند و ڕۆژهەڵاتدا ڕوویدا لەکۆتایی نەوەتەکاندا، ئەوا حکومەت بوو کە چاکسازیەکی ئابووری

**بوونی ڕاددەیەك لەهەماهەنگی نێوان سیاسەتی مەحەلی و فیدراڵی شتێکی باشە**

سەختی جێبەجێ دەکرد، لەبەر ئەوەی لەمەودای کورتدا خەڵکی هەلی کاریان لەدەستدا و ئاستی گوزەرانیان دابەزی، بەڵام ئەمە پێویست بوو بۆئەوەی لەمەودای دووردا بناغەیەك بۆ هێنانەدی ئابووری بازاڕ و بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان. کەواتە تا ڕاددەیەك مەسەلەکە مەسەلەی توانایە، واتە ئەوانەی لەدەزگای بیرۆکراسیدا کار دەکەن بەباشی ڕاهێنیان پێکرابێت، هەروەها دەبێت سیاسییەکانیش ئیرادەی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازیانەیان هەبێت. کەواتە سەرەڕای توانا و شارەزایی ئیرادەش پێویستە.

*** ئەوەی زۆر پێویستە ئەوەیە کەلتوری دیموکراتی بنیات بنرێت، ئایا کەسانی ڕۆشنبیر چۆن دەتوانن هاوکار و یارمەتیدەربن لەدروستکردنی کەلتوری دیموکراتیدا؟**

- با دوو شت بڵێم لەم ڕووەوە، یەکەمیان لەم سەردەمەدا ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوەندە بەهێزە کە خەریکە هەموو کەس بتوانێت پەیجێك دانێت، یاخود بەشداری بکات لەفەیسبووك و تویتەردا، واتە ڕۆڵی ڕۆشنبیران بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، لەبەر ئەوەی هەموو کەس دەتوانێت ببێتە ڕۆشنبیر و هەموو کەس دەتوانێت گوزارشت لەبیروبۆچوونی خۆی بکات و هەر کەسێك بۆچوونەکە قەناعەت پێهێنەر بوو دەتوانێت باوەڕی پێبکەین، واتە پێویست بەبۆچوونی ئەکادیمی یان پێویست ناکات لەدامەزراوەیەکی ڕەسمیەوە دەربچێت بۆئەوەی باوەڕی پێبکرێت. دووەمیان، پێموایە ڕۆشنبیران یان نوخبە سیاسییەکە یاخود ئەوانەی نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن بەرپرسیارێتی ئەوەیان لەئەستۆیە کە هاوکاری بکەن، واتە نموونەیەك لەهاوکاریکردن پێشکەش بکەن، واتە ئەگەر شیعە و سوننە و کورد و عەرەب لەعێراقدا هەبێت، ئەوا بەرپرسیارێتی نوخبە سیاسییەکان و تا ڕاددەیەك ڕۆشنبیرانە کە هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی سەرکەوتوو پیادە بکرێت. با ئاماژە بەهۆڵەندا بکەین، کە من تێیدا دەژیم، بۆ چەندین سەدە دابەشبوونێکی قووڵ هەبوو لەم کۆمەڵگەیەدا کە پرۆتسانت و کاسۆلیك و لیبراڵەکان هەریەکەیان ڕۆژنامەی خۆی و پارتی سیاسی و قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەوەی بووە مایەی سەرکەوتن بریتی بوو لەهاوکاری نوخبەکان لەگەڵ یەکدا کە پێکەوە کۆبوونەوە و بڕیاریان لەو چارەسەرانەدا کە لەبەرژەوەندی هەموو گروپەکاندا بوو، واتە ئەگەرچی لەسەر ئاستی مەحەلی خەڵکەکە زۆر هاوکاری یەکنەبوون، بەڵام ئەوە نوخبەکان بوون وایان کرد حکومڕانی باش مومکین بێت.

لەبارەی بەهاری عەرەبییەوە

# ئەوەی ئێستا لێی دەترسین ئەوەیە ئەو بێ سەرو بەریە بگاتە ئەو ئاستەی کەشی بەهارەکە بشێوێنێت

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**



وا دیارە ئاڵوگۆڕێکی بەهێزی «کەش» خەریکە هەڕەشە لە بەهاری عەرەبی دەکات بەوەی ببێتە پاییز. مەبەستمان ئەوە نییە کە وا باوە دوای هەر وەرچەرخانێکی کەش و سیاسەت، پەشێوی و ئاستەنگ و ساتمە بردن دێنە پێش، بەڵکوو ئاماژە بە فاکتەری هەمەلایەن، بە ناوخۆ و دەرەکییەوە، دەکەین کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم تەواو کردنی کاروانی راپەڕینەکان. ئەگەر هەندێك جار کاروبار هێندە ئاڵۆز بێنە بەر چاو، کە دەرگا لە بەردەمی هەموو ئەگەرێك دەکاتەوە و، رێ لە هەر مەزەندەکارییەك دەگرێت، ئیدی ئەوە رێی ئەوەمان لێ ناگرێت کە بەرەو دوا بگەڕێینەوە، چاوێك بەوەشدا بخشێنینەوە کە پێشتر رووی داوە، تا پەی بە جۆر و چەشنی ئەو ژانانەی لە ئارادان، ببەین.

رەنگە یەکەمین شتێك کە پێویست دەکات هەڵوەستەی لە ئاستدا بکەین، گەڕانەوە بێت بۆ خودی ئەو ناولێنانە. بە «بەهار» ناوبردنی هەموو چەشنەکانی راپەڕین کە زۆر لە وڵاتانی عەرەبی گرتەوە، کارێکی نە روون و نە بێگەرد و بێ خەوشە. گومانیشی تێدا نییە چاوگەکەی (چاوگی ناو لێنانەکە) ئەوروپایە. ئەم شتە «فێڵ»ێکی شاراوەشی گرتووەتە خۆ. هەرچەندە وەرزەکە بەهار نەبوو، ئەو ناونانەش کە رەنگە بە بەهاری «پراگ» پێوانە و بەراورد کرا بێت، زاتی ئەوەی بە شرۆڤەکارانی رۆژئاوا دا، نەك کە خۆیان لە پەیڤی شۆڕش بەدوور بگرن، بەڵکوو تەنانەت خۆیان لەوەش بەدوور بگرن کە رووداوەکان بخەنە نێو پێگە و خانەی (مستەهەقی) خۆیانەوە لە مێژوودا، بۆ ئەوەی تەنیا لەوەدا کورتیان بکەنەوە، کە هەر تەنیا بە دوای یەکدا هاتنی وەرزەکانن، هەروەها گۆڕانی جوگرافین. ئەم ناونانە ئەو توانایەی بە خاوەنەکانی بەخشی، کە هەر دەست پێشخەرییەکی مێژوویی لە لایەن لاوانی عەرەبەوە رەت بکەنەوە. بۆیە دەیانبینین، وەك کە ئێمەیان راهێناوە، خوو نادەنە لێکۆڵینەوە لەو گرووپگەلە جڤاکییەی کە لە پشت ئەو بزووتنەوانەدا بوون، هەروەها لە «رەوشی چینایەتییان» و، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی دەیان بزوێنێت، ناکۆڵنەوە، بەڵکوو هەر بە راگەیاندنی ترس و نیگەرانیی خۆیان لەوەی کە رووخانی ئەو رژێمانەی ئێستا، رەنگە دەرفەت بە بزووتنەگەلی ئیسلامی بدات کە دەسەڵات بگرنە دەست، بەسیان لێ کرد.

لەمەشدا مەبەستمان ئەوە نییە کە شرۆڤەی گونجاو بۆ ئەوەی کە رووی دا، ئەوەیە کە پشت بە تیۆریی ململانێی چینایەتی دەبەستێت، بەڵکوو پێویستە هەڵوەستە لە ئاست هۆ و پاڵنەری ئەو

راپەڕینانە و گرووپەکانی پشتیانەوە و ئەو دروشمانەی بەرزیان کردەوە بکەین، بشپرسین کە ئاخۆ بە راستی ئایدیۆلۆژیایەکی بزووێنەریان هەبووە، نەخشە و بەرنامەڕێژی هەبووە؟ ئەوە بەر لەوەی ترس دەربڕین و سەرنجی خۆمان رابگەیەنین.

بەم جۆرە دەبوو جەخت بکرێتە سەر لایەنی تەمەن و باری کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکانەی راپەڕینەکانیان هەڵسووڕاند. لێرەشدا ناوێکی روون و لە هەمان کاتدا نادیار خرایە روو «لاوانی شۆڕش». ئەوەی پێویستە جەختی بکرێتە سەر، کارەکە پەیوەندیی بە گرووپێکی تەمەنەوە نییە، ئەوە نەبوو ئەوانەی گەیشت بوونە تەمەنێکی دیاری کراو بەشدارییان لە راپەڕینەکاندا کرد. ئەوانەی بەشدار بوون لاوانی خوێندوار بوون، لاوانی خاوەن بڕوانامە، بەڵام لاوانێك کە لە گڵێکی نوێن و سەردەمەکە دەیناسێت: لاوانی بێکاری خوێندەوار. ئەوان «لاوانی» بێ پرۆژەن، بێ پەیوەندی. ئەوانە نە پەیوەست بە پەیوەندیی بیروباوەڕ و بە نەتەوەوە دەبن، تەنانەت پەیوەست بە پەیوەندیی پارتایەتیش نابن. ئەوەی یەکیان دەخات هەستێکی بەتینی پشت گوێ خستن و، ئەوەی کە بە گوێرەی دروشمێکی جەزایری پێی دەگوترێت «قۆرخکاری»ی، لێ دەکەوێتەوە.

**ئەوان «لاوانی» بێ پرۆژەن، بێ پەیوەندی. ئەوانە نە پەیوەست بە پەیوەندیی بیروباوەڕ و بە نەتەوەوە دەبن، تەنانەت پەیوەست بە پەیوەندیی پارتایەتیش نابن. ئەوەی یەکیان دەخات هەستێکی بەتینی پشت گوێ خستنە**

بەم حاڵەوە، زەحمەتە قسە لەبارەی داکۆکی کردن لە ماف بکەین. ئەمەشە وای لە هەندێك کرد ئامادە نەبوون ئەم راپەڕینانە بەراورد بکات بە هەر شەیدا بوونێکی لیبراڵانە، کە هەوڵ بۆ پاراستنی «مافی هاووڵاتیان» دەدات، دوا جار بکەوێتە ئەو بەند و باوەی ئەم راپەڕینانە بە دایکی شۆڕشەکانەوە، مەبەستم شۆڕشی فەرەنسایە، ببەستێتەوە. وەك ئەوەی راپەڕینی بێ ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژی بن، بەڵام هەروەها بێ سەرکردەشن. هەرگیز گوێمان لێ نەبووە کەسێك گوتبێتی کە سەرکردایەتیی راپەڕینەکانی کردووە. هەر ئەمەش بوو رێی خۆش کرد، لە چەند رۆژێکی دوا بە دوای یەکدا، کە مەیدان و گۆڕەپانەکان لە یەك کاتدا خەڵکانی سەر بە رەوت و لایەنی جیاجیا، پارتی دژ بە یەك، تەنانەت خەڵکانی سەر بە ئایینی جیاجیا، بگرنە خۆ. چونکە راپەڕینەکان هەموو جیاوازی و پلەبەندییەکی باویان تێپەڕاند، ئەوان لە سەرووی سەرکردایەتییەکان و لە سەرووی پارتەکان و لایەن و هەر خۆمانە و خۆمانێك بوون، یان با بڵێین ئەوان لە «ژێرەوە»ی هەموو ئەوانەدا بوون. چونکە گوێیان بە «سەروو» نەدەدا، هەروەها گوێیان بە هیچ باڵاییەك کە هەر چۆنێك بووایە نەدەدا. ئەمەشە کە زاراوەی «دابەزین» بۆ گۆڕەپانەکان لە رۆژانی هەیینیدا دووپاتی دەکردەوە. «دابەزین» دروشمی

**راپەڕینەکان هەموو جیاوازی و پلەبەندییەکی باویان تێپەڕاند، ئەوان لە سەرووی سەرکردایەتییەکان و لە سەرووی پارتەکان و لایەن و هەر خۆمانە و خۆمانێك بوون**



## کتێبەکانی

* الميتافيزيقا، العلم والإيديولوجيا
* الفلسفة السياسية عند الفارابي
* الفكر الفلسفي في المغرب
* هايدغر ضد هايد غر: التراث والاختلاف
* درس السيميولوجيا / رولان بارط، ترجمة ع. بنهبد العالي، دار توبقال للنشر، البيضاء ١٩٨٥.
* الرمز والسلطة / بيير بورديو، ترجمة ع. بنعبد العالي، دار توبقال للنشر، البيضاء، ١٩٨٦.
* درس الإبستمولوجيا/ سالم يفوت وع. بنعبد العالي، الدار البيضاء، دار توبقال للنشر ١٩٨٦، ٢١٦ ص.
* التراث والهوية: دراسات في الفكر الفلسفي بالمغرب
* أسس الفكر الأوروبي المعاصر
* درس الإبيستيمولوجيا (بالاشتراك مع سالم يفوت)، ١٩٨٥. دار توبقال للنشر، ط ٣، ٢٠٠١
* أسس الفكر الفلسفي المعاصر ١٩٩١، دار توبقال للنشر، ط ٢، ٢٠٠٠
* ثقافة الأذن وثقافة العين، ١٩٩٤،دار توبقال للنشر، ط٢ ٢٠٠٨
* بين بين ١٩٩٦ دار توبقال للنشر،
* ميتولوجيا الواقع، دار توبقال للنشر، ١٩٩٩
* بين الاتصال والانفصال، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٢
* العقلانية الساخرة، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٤
* ضد الراهن، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٥
* منطق الخلل، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٧
* في الانفصال، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٨
* حوار مع الفكر الفرنسي، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٨
* الأدب والميتافيزيقيا، دار توبقال للنشر، ترجمة كمال التومي ٢٠٠٩
* الكتابة بيدين، دار توبقال للنشر، ٢٠٠٩

هەمووان بوو. رەنگە هەر لە پێناوی ئەوەشدابوو پەنا نەبرایە بەر نموونە، وێنەی سەرکردەکانیش بەرز نەکرانەوە. وەك ئەوەی راپەڕینی بێ نموونەی باڵا بن. تەنانەت ئەو هێمایانەی پشتیان پێ بەسترا، ئەو هێما باوانە نەبوون، واتە ئەوانەی کە پێشتر هۆشیاریی نیشتیمانی و نەتەوەیی چەسپاند بوویان، کە بەرامبەر ئەوی دیکەیەکی دیاری کراو قوت کرانەوە، لە کات و ساتێکدا پێی گوترا ئیستیعمار، پاشان زایۆنیزم ئنجا ئیمپریالیزم و پاشان پاشکەوتن و ئنجا لاسایی کردنەوە..

ئەم ئامادە نەبوونەی هێما و سیمبوڵ، هەروەها ئەو وابەستەگییە بە واقیعی کردەنییەوە، رەنگە لە بنەڕەتدا بۆ خەسڵەتی ئەو «یەکبوونە» بگەڕێتەوە، کە زادەی ئەو دیدارانەی نێو گۆڕەپانەکان و ئەو تەکنیکی پێکەوەڕۆییانەی بۆ سازدانی گردبوونەوەکان بەکار هێندرا. ئەویش وەك دەزانین بڵاوکراوەیەك نەبوون دابەشیان بکەن، نە کۆبوونەوەش بوون و گرێ بدرێن، نە شانە بوون و رێك خرابن، بەڵکوو دیداری سەر تۆڕی ئینتەرنێت بوون و تەکنیکی نوێی پێکەوەڕۆیی دەستەبەری کردووە، ماڵپەڕەکانی کۆمەڵایەتی لە رێی ئینتەرنێتەوە بواریان پێ دا.

**ئەوانە پەیوەندی بوون لە قوڕ و کانێکی نوێ، نەك دەروێشایەتییەکی ئایدیۆلۆژی و، نە هاوکاریی چینایەتی، بەڵکوو پەیوەندیگەلێکن کە شۆڕشی زانیاری بواری پێ دەدات، ملکەچی لۆژیکی سەنترالیزە بوونی کەشگەلی باویش نابن**

کەواتە ئەوانە پەیوەندی بوون لە قوڕ و کانێکی نوێ، نەك دەروێشایەتییەکی ئایدیۆلۆژی و، نە هاوکاریی چینایەتی، بەڵکوو پەیوەندیگەلێکن کە شۆڕشی زانیاری بواری پێ دەدات، ملکەچی لۆژیکی سەنترالیزە بوونی کەشگەلی باویش نابن، هەروەها ملکەچی جەمسەربەندیی بڕیارگەلی باویش نابن. بەرامبەر بە مۆرکی «ستوونیانە» کە خەسڵەتی پلەبەندی و پەیوەندیی ئاساییانە بوو، خۆمان لە ئاست پەیوەندیگەلی «ئاسۆییانە»دا بینییەوە، کە زۆر جار سنووری کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی تێدەپەڕێنێت.

چونکە ئامرازگەلی نوێ «خاوەن کاریگەریی دووسەرە»، بە پێچەوانەی کۆن و نەریتی «خاوەن یەك رەوت و سەمت»، کە پێکەوەڕۆییەکی «سەنترالانە» بەدی دەهێنێت، لە چاوگێکەوە دەردەچێت و روو لە جەماوەر دەکات، بوار بە تاکەکان دەدات، کە لە زەمانێکی کردەنیدا لە نێو یەکدا لە کارلێکدا بن. خۆ ئەگەر ئامرازەکانی یەکەم لەگەڵ چەمکەکانی ئایدیۆلۆژیا و بانگەشەی ئایدیۆلۆژی و بڵاو کردنەوەی بیردا گونجاو بووبن، ئەوا دووەمیان، لەبەر ئەوەی بەندە بە چەمکی ئاڵوگۆڕەوە، ئەوا بوار بە تاکەکان دەدات، نەك بیریان بۆ دابدەن و را دەرخوارد بدەن، بەڵکوو دایان بهێنن، یان بە لای کەمەوە بەشداری کردن لەو داهێنانەدا. بە دیوێکی دی، ئەگەر ئامرازگەلی نەریتی کار بۆ «دروست کردنی رای گشتی» دەکەن، ئەوا ئامرازگەلی نوێ پێشینە بە (تایبەت) بە سەر (گشتی)یەوە دەدات، تاك بە سەر کۆمەڵەوە، هەروەها «بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی را لە بری دادان و گوتنەوە». ئەو لە بنەچەدا «لە خزمەتی گوتاری عەقڵدا دەبێت پتر لەوەی لە خزمەتی گوتاری (را) دا بێت». بەڵام عەقڵی رەخنەیی نییە کە وابەستەی بە هەردوو کرداری دادگایی کردن و لێك هەڵوارین رۆنرا بێت، بەڵکوو ئەو عەقڵێکە کۆمپیوتەر لە قاڵبی داوە، کە ئیدی پەیوەندیی نوێ لە نێوانی تاك و خودی خۆی، لە نێوانی خۆی و رابردووی خۆی، لە نێوانی خۆی و زمانەوە دەئافرێنێت، بەڵام لە بنەڕەتدا لە نێوانی خۆی و ئەوانی دیکەیە.

**ئەگەر ئامرازگەلی نەریتی کار بۆ «دروست کردنی رای گشتی» دەکەن، ئەوا ئامرازگەلی نوێ پێشینە بە (تایبەت) بە سەر (گشتی)یەوە دەدات**

«ئەمەش وای لە هەندێك کەس کرد کە رازی نەبێت ئەو پەیوەندییانەی زادەی پەیوەندی لە رێی ئەو ماڵپەڕانەوە کە پێیان دەگوترێت (کۆمەڵایەتی) ن، بە پەیوەندیی کردەنیی کۆمەڵایەتی دابنێن»، یان دروستتر ئەوەی کە پەیوەندی و برادەرایەتی بن. ئەو وەك پێکەوەڕۆییەك بێت لە جۆرێکی نوێ. بۆیە ئەوانە سوورن لە سەر ئەوەی کە ئەوانەی دابەزینە نێو گۆڕەپانەکان بە «گرووپ: کۆمەڵ» ناویان نەبن و بەو ناوەش نەیانناسن، بەڵکوو هەر بەوەندە بەسی لێ دەکەن کە دەڵێن «خەڵکانێکی زۆر و زەوەند» کە زادەی دەست پێشخەریی لاوانە بوون و مۆرکێکی جیهانیگرانە و گریمانەییانەیەکی فرە تایبەتیان هەس، هەروەها «لەبارەی گریمانە تەکنیکێك کە دابەزییە گۆڕپانەکانەوە».

ئەگەر تەکنیکی تازەی پێکەوەڕۆییانە لەگەڵ بانگەشەی ئایدیۆلۆژیانە بە فۆرمی نەریتیانەی ناکۆك و دژ بێت، جا لەبەر ئەوەی شتی واقیعی تێکەڵ بە شتی گریمانەیی دەکات، ئیدی واقیع بە رووی مومکیندا دەکاتەوە، هەروەها هەندێك (نەرێ) ش دەخاتە نێوییەوە، بە بێ ئەوەی بەوەی کە دەبێ ببێت، بەرامبەری بداتەوە. فەزای دیجتاڵ تۆڕە فەزایەکی پێکەوەڕۆیە، ئەو وەك هەموو تۆڕەکان رایەڵە، بەڵام رایەڵەیەکی پەرت و بڵاو، یان بە لای کەمەوە فرە داو و دەزووی پەرت و بڵاوە. ئەمەش وابەستەی خەسڵەتەکەیەتی، بەڵام هەروەها بۆ کرانەوەی بێ سنووریشی. سەرباری ئەوەی لەم حاڵەتەدا مۆرکی یاخیانەی تەقیوی تەکاندەریشی هەیە. بۆیە توانیی باز بە سەر هەموو شێوەکانی سانسۆردا بدات، ئەوەی لێشی دەترسین ئەوەیە، کە ئەو بەرەڵڵاییە بگاتە ئەو ئاستەی کەشی بەهارەکە بشێوێنێت..

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

# شارێکی پیشەسازیی، نەک ناوچەی پیشەسازیی لەشارەکاندا

لەهەر وڵاتێکدا، دوا بەدوای دەرچوون و پەسەندکردنی یاسای وەبەرهێنان، دووکاری دیکە ئەنجام دەدرێن، یەکەمیان دەرچوواندنی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگەیە کەدەبێت پێش یاسای وەبەرهێنان بکەوێت، دووەمیان یاسای بنیاتنانی شاری پیشەسازییە کەدەبێت لەدوای یاسای وەبەرهێنان یەکسەر ئامادەبکرێت، چونکە لەگەڵ ئەم پەسندکردنی یاسای وەبەرهێنانەدا یەکسەر کۆمپانیا بیانییەکان و سەرمایەدارانی ناوخۆ دەکەونە خۆ بۆدانان و دامەزراندنی کارگەو دەستکردن بەپرۆژەکانیان، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت شارێکی پیشەسازیی یان زیاتر بنیات بنرێت لەهەر هەرێم و وڵاتێکدا لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:-

١- ڕێگرتن لەپەرش و بڵاویی کارگەکان.

٢- کەمکردنەوەی پیس بوونی ژینگە، لەڕێگەی کۆکردنەوەی کارگەکان لەشارێکداو، دوورخستنەوەیان لەدانیشتوانی شارەکان.

٣- دۆزینەوەی هەلی زیاتری کارکردن بۆ بێکاران.

٤- بەئاسانی خزمەتگوزاریی پێویست لەشارێکدا دابین دەکرێت بۆ کارگەکان.

٥- کارگە جۆراوجۆرەکان بەهۆی بوونیان لەشارێکی پیشەسازیدا ئاسانتر کاری یەکتر تەواو دەکەن.

٦- کەمکردنەوەی تێچووی بارکردن و گواستنەوەو هەڵگرتنی بەرهەمی کارگەکان.

٧- کەمکردنەوەی تێچوون و زیادکردنی قازانج بەکەمترین تێچوو.

لەشاری پیشەسازیدا کەدەبێت ڕووبەرێکی زۆر گەورەی بۆ دابین بکرێت، پێویستە ئەم خزمەتگوزاریانە هەبن بۆ تەواوی سەدان کرێکارو فەرمانبەرو ئەندازیارانەی کەلەوێدا کاردەکەن، وەك:

دەزگای بەرگری شارستانی، بنکەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی، بانك، بنکەی پۆستەو گەیاندن، چێشتخانە، هۆتێل، بەنزینخانە، مزگەوت و پەرستگا، سەنتەری تاقیگەی ژینگەیی، تۆڕی ڕێگاوبانی باش، خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاو، کارەبای بەردەوام، وێستگەی چارەسەرکردنی پاشماوەی کارگەکان، ئاوەڕۆ، سەنتەری بازرگانی و شوێنی حەوانەوە، باخچەو پشتێنەی سەوز، سەنتەری کارگێڕیی..هتد

هەروەها جۆری ئەو کارگانەش دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆو مەڕمەڕو سیرامیك و کاشیی و، هەروەها نیکل و مس و کانزاکانی دیکەو، دواتر مادده کیمیاوییەکان و پلاستیك و نایلۆن. هتد

قەبارەی ئەو کارگانەش دەکرێت لە هەر سێ ئاستی گەورەو مامناوەندیی و بچووکدا بن.

سەبارەت بەشوێنی ئەو شارە پیشەسازییەش پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بکرێت:

تۆبۆگرافیای ناوچەکە، ئاراستەو جوڵەی با، دووریی لەدانیشتوانەوە، کارنەکردنە سەر شوێنەکان، ژێرخانی باش لەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان، دووری لەزەوی و زارە کشتوکاڵییەکان...هتد

بۆ دامەزراندنی ئەم شاری پیشەسازییەش هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی پیشەسازیی و شارەوانیی و ژینگە، بەلای کەمەوە زۆر پێویستە، چونکە شاری پیشەسازیی پێداویستیەکی سەردەمەو، هەردەبێت بنیات بنرێت و، شارو شارۆچکەکانیش لەناوچەی پیشەسازیی ڕزگار بکرێن.



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەمڕۆ زانستی ژینگە دەڵێت بۆئەوەی ژینگەی شارەکان بێ زیان بن پێویستە ژینگەی شارۆچکەو قەزاو ناحیەو گوندەکانیش سەلامەت و بێ زیان بن، چونکە ناکرێت لە پرۆژەکانی پەرەپێداندا تەنها شارە گەورەکان ڕەچاوبکرێن و، ئەوانی دی پشت گوێ بخرێن، بەتایبەت کە زۆرێك لەو ناوچە پیشەسازییانە دەکەونە نزیك ئەو شارو شارۆچکەکانە .

لەئێستاو ئایندەدا دەستکردن بەدانانی نەخشەی بنچینەیی ئەو شوێنانەو، دیاریکردنی ڕێگەوبان و سنووری کشتوکاڵیەکان و ڕێڕەوی ئاوەڕۆکان و پێداویستیەکانی ئایندەو ڕێگەی گەشەسەندنی خانووبەرە لە ئەرکە لەپێشینەکانن.

زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی شارەکان کە لەکاتی خۆیدا ڕەچاوی پێگەی جوگرافی نەکراوە لەهەڵبژاردنیان بۆ نیشتەجێبوون لە زۆر ڕووی ژینگەیی و تەندروستیەوە، پێویستیی زۆریان بەپاراستن هەیە لەزیانی ئەو کارگەو پرۆژانەی کە لەنزیك ئەوانەوەن وەك پرۆژەکانی پەلەوەرو، کارگەکانی قیرو ڕۆنی کۆن چارەسەرکردن و کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ و بەرد شکاندن و گەچ بەرهەم هێنان.

ئەمە جگە لەپێویستیی پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوونیان بەپەرژینی سەوزو زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و باخچەکان کەکاریگەریی زۆریان دەبێت لەسەر گلدانەوەی تەپ و تۆز لەسەر دانیشتوانی ئەو شوێنانەو شارەکانیش، چونکە پاراستنی ڕاستەقینەی ژینگەی شارە گەورەکان لەپاراستنی ژینگەی قەزاو ناحیەو گوندەکانی دەوروبەرەوە دەست پێدەکات.

## سەپاندنی پۆشینی حیجاب و قەدەغە کردنیشی هەڵەیە، تونس پارێزگاریی لە فرەیی خۆی دەکات

### د. رەفیق عەبدولسەلام
### وەزیری دەرەوەی تونس بۆ گوڵان:

# حکومەتی ئیئتلافی رووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، بەڵام لە تاک حزبی باشترە

دکتۆر رەفیق عەبدولسەلام یەکەم وەزیری دەرەوەی تونس لە یەکەم حکومەتی دیموکراتی، ئەکادیمیست و توێژەرێکی دیارە لە زانستە سیاسییەکان و یەکێکە لە ئەندامانی حزبی نەهزەی ئیسلامی، زاوای شێخ راشد غەنوشی سەرکردەی حزبی نەهزەی ئیسلامیی تونسیی، وای دەبینێت کە ئەوەی حکومەتەکەی هەوڵی هێنانەدیی سەقامگیری راستەقینەیە، نەك ئەو سەقامگیرییەی کە لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو زەینولعابدین بن عەلی کە لەسەر هێز و چەوسانەوە وەستاوە، و دەیەوێ ئەزموونە بچووکەکەی وڵاتەکەی کاریگەریی ئیجابی هەبێت لەسەر تەواوی بارودۆخی عەرەبی و وڵاتە عەرەبییەکان هەموویان بە ئاراستەیەکی راست بڕۆن بەرەو ژیانی دیموکراسیەتی هاوسەنگتر بۆ ئەوەی هەڵەی (ئیستیسنای دیموکراسی عەرەبی ) بسەلمێنێت.

ئەم بەرپرسە تونسییە دانی بەوە نا کە حکومەتی وڵاتەکەی رووبەرووی گرفتی ئابووری گەورە بۆتەوە بەهۆی میراتی نا یەکسانی نێوان ناوچەکانی تونس و لەبەر ئەوەی داواکارییەکانی گەنجانی تونس زۆر بەرز بوونەتەوە و چارەسەری خێرایان دەوێ بۆ گرفتەکانیان، کە ئەمەش لە توانای حکومەتدا نییە، ئەو حکومەتەی کە بەڵێنیان پێدەدا بەو پەڕی نەزاهەی و بە دەستێکی پاك كار بکات بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی.

دیمانە: ئەسما ئەلحوسەینی



*** ئەو فاکتەرانە چین کە بوونە هۆی تەقینەوەی شۆڕشی تونسی و چۆن توانیی بەو ماوە کەمە ئەم خەڵکە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟**

- لە ماوەی دەیەها ساڵدا زۆر ئاو لە ڕووباری سستی عەرەبیدا ڕۆیشتن، بۆیە پێویست بوو لە ساڵانی هەشتاکانەوە ئەم شۆڕشانە ڕوویاندابا، لەو کاتە کە بارودۆخی سیاسی عەرەب تێکچوو، جۆرێك لە چەقبەستوویی و دواکەوتن باڵی بەسەردا کێشا و تەنانەت شەرعیەتی سەرکردە مێژووییەکان بوونیان نەما کە سەرکردایەتی قۆناغێکی ئازادی دژی ئیستیعماریان کرد وەك جەمال عەبدولناسر و حەبیب بۆرقیبە و چەند سەرکردەیەکی نوێ شوێنیان گرتەوە کە شەرعیەت و دیدگا و ستراتیژیەتیان نەبوو و لە بنەڕەتدا شیاو نەبوون بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەو وڵاتانە بەو قورساییە و بارودۆخی وڵاتیان، ئەوەی لە تونس

## لێدوانەکانی غەنوشی تەحریف کراون و هەر دەوڵەتێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و گرفتەکانمان کەم نین

ڕوویدا لە ڕۆژی ١٧ی دیسێمبەر سەرەتای تروسکەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئەوەی ئەو شۆڕشانەی محەمەد بۆعزیزی و شاری بوزێدی بوو کە بە یەکێك لە شاکارەکانی شۆڕشە عەرەبییەکان بوون، ئەم جوڵانەوە نارەزاییە بە ڕووخانی سەری ڕژێمی تونس کۆتایی هات، بەمەش ئەم ڕووداوە لە ڕووداوێکی ناوخۆیی بووە ڕووداوێکی عەرەبی بێوێنە، بەمەش سەدا و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر میسر و لیبیا ئینجا بۆ یەمەن و لیبیا، ئەمەش نیشانەی پێك بەستوویی و نزیك بوونی جیهانی عەرەبییە، کاتێك شۆڕش گواسترایەوە بۆ میسر کاریگەرییەکەی فراوان، لەبەر قورسایی و سەنگی دیموگرافی و ستراتیژی گەورەی میسر.

*** لە کاتی ڕوودانی شۆڕشی تونسی گەورەترین هەڕەشەی چ بوو؟**

-لەسەردەمی قەزافی ترسی لە کاریگەرییەکانی شۆڕشی تونس هەبوو و دەستی بە چالاکی کرد بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی تونس، بەڵام کاتێك شۆڕش گەیشتە میسر ئێمە دڵنیایی زۆرترمان بۆ دروست بوو، چونکە کاریگەری سیاسی و ستراتیژی میسر گەورەتر بوو و میسر بە بۆسەڵەیەك دادەنرێت کە بارودۆخی عەرەبی پێ دەپێورێت، ئەگەر ڕاست و تەندروست بوو ئەوا بارودۆخی عەرەبی تەندروستە، بەپێچەوانەوە ئەگەر نا ڕوون بوو ئەوا بارودۆخی عەرەبی بە گشتی نا ڕوون دەبێت، بۆیە هەڵگیرسانی شۆڕش لە میسر فشارەکانی سەر شۆڕشی ئێمەی کەم کردەوە.

*** ئەو ئاستەنگانەی چین کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ڕووبەڕووتان بوونەوە؟**

-شۆڕشی تونس تا ڕادەیەکی زۆر نەرم بوو خوێنی زۆری تیدا نەڕژا و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە کەم و پێوانەیین بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی بە دەستمان هێناوە، سەرەڕای ئەوەی کە تونسییەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن بەهۆی بوونی حاڵەتێکی ناتەندروست لە گەشەپێدانی نایەکسان لەنێوان ناوچە جیاجیاکانی تونس کە پێویست دەکات هەوڵی گەشەپێدانی زیاتر و تایبەت بدرێت بۆ بوژانەوەی ناوچە پەراوێز خراوەکان، بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکان لە یەکتری نزیك ببێتەوە.

*** لەنێو وڵاتانی بەهاری عەرەبی تونس لە هەموو وڵاتانی دیکە بە باشتر دادەنرێت لە تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوە و هێنانەدیی کەشێکی دیموکراسی، چۆن توانیوتان ئەم قۆناغە تێپەڕێنن؟**

- هەوڵماندا بەو پەڕی حیکمەتەوە ئیدارەی قۆناغی گواستنەوە بکەین ئەویش لە ڕێگای دانانی سەرۆك و حکومەت و دەستەیەکی کاتی بۆ بەرگری کردن لە شۆڕش، لە ٢٣ ی ئۆکتۆبەر یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسی ئەنجامدرا لە تونس و دەتوانم بڵێم لە وڵاتانی عەرەبیش، حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکهێنرا لە سێ هێزی سەرەکی ئەوانیش حزبەکانی نەهزە و کۆنگرە لە پێناو کۆماری و تەکەتول، ئەمەش بە نموونەیەك دادەنرێت بۆ تونس و وڵاتانی عەرەبی لەم قۆناغەدا، چونکە واپێویستە لە قۆناغی گواستنەوە لە وڵاتەکانمان بە ڕۆحیەتی هەماهەنگی و هاوبەشی و بە ڕۆحیەتی تەواوفوقی نیشتمانی بەڕێوە ببردرێت لەجیاتی تاکڕەوی و تاکە حزبی.

*** بۆچی بەو شێوەیە حکومەتێکی ئیئتیلافیتان پێ باشتر بوو؟**

## هەوڵ دەدەین بۆ سەقامگیرییەکی ڕاستەقینە لە تونس نەك بە ڕێگای هێز سەرکوت کردن

- ئەنجامەکانی هەڵبژاردن مایەی ڕەزامەندی هەموو حزبەکان و سەرتاپای گەلی تونسی بوون، ئیئتیلافی سیاسیی نێوان هەرسێ حزبە سەرکەوتووەکەی هەڵبژاردن (نەهزە و کۆنگرە لەپێناو کۆماری و تەکەتول) نموونەیەکی باشە بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ تونس لەم قۆناغەدا کە پێویستی بە گیانی هەماهەنگی و تەواوفوقی نیشتمانیی وبەشداری کردنە، و سەرەڕای ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی حکومەتەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی دەبنەوە، بەڵام ئەلتەرناتیڤێکە کەمترین زیانی هەیە لەجیاتی تاکڕەوی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن تاکە حزبێکەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووبەڕووی گرفت نەبووینەتەوە، چونکە حکومەتە ئیئتیلافیەکان ڕووبەڕووی هەندێك گرفت دەبنەوە، بەڵام باشترین ئەلتەرناتیڤە و کەمترین زیانی هەیە لە تاکڕەوی، چونکە ئەم قۆناغە پێویستی بە پلەبەندییەك هەیە.

*** بەڵام لە تونس تا ئێستاش ڕێپێوانی نارەزایی هەیە؟**

-گرفتەکە لەوەدایە کە داواکارییەکانی گەنجانی تونس زۆر بەرز بوونەتەوە و چارەسەری خێرای بروسکە ئاسایان دەوێ ئەمەش لە توانای ئێمەدا نییە، بەڵام ئێمە بەڵێنمان بە گەلی خۆمان داوە کە بە نەزاهە و دەستپاکی کار بکەین بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی، ئەم حکومەتە ڕەزامەندی زۆرترین بنکەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بە دەستهێناوە، چونکە حکومەتێکی ئیئتیلافی نیشتمانییە، دوای ئەوەی لە قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە چووینە قۆناغی شەرعیەتی گەلی دیموکراسی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی گەل و سندوقەکانی هەڵبژاردن و متمانەی خەڵك بە حکومەتێکی هەڵبژێردراو ئەمەش یەکەم حکومەتی هەڵبژێردراوە لە تونس دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٥٦.

*** ئەولەویاتی حکومەتەکەتان چییە لە قۆناغی داهاتوودا؟**

- هەوڵ دەدەین سەقامگیریی ڕاستەقینە

لــە تونــس بەدەســت بهێنین نــەك ئەو سەقامگیرییەی لە تونس هەبوو لەسەردەمی ســەرۆکی پێشوو زەینولعابدین بن عەلی کە لەسەر هێز و ستەم و پۆلیس بونیاد دامەزرا بوو و زۆر لە بێدەنگییەکی نێو گۆڕ دەچوو، هیواداریین ئەم گۆڕانکارییــە ئیجابییە لە تونــس کاریگەری ئیجابی هەبێت لەســەر تــەواوی بارودۆخی عەرەبــی و وڵاتانی عەرەبی بە ئاراستەیەکی راستدا بڕۆن بەرەو ژیانێکی دیموکراسی هاوسەنگتر بۆ ئەوەی هەڵەی (ئیستیسنای دیموکراسی عەرەبی) بسەلمێنێت.

*** پێتوایە گۆڕانکاری حەتمییە لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە؟**

-ئاراســتەیەك بەرەو گۆڕان لــە ئارادایە، ئەمەش هەڵبژێردراوی راست و سەرکەوتووی هەموو وڵاتانی عەرەبییە و ئەوەی ئەگەری سەرکەوتنی زیاتر دەکات ئەوەیە کە گەلانی عەرەبی بە سیاسی کراون و خاوەن توانایەکی زۆرن لە زیرەکی و وشیاری.

*** بارودۆخی میســر چۆن هەڵدەسەنگێنی دوای شۆڕش؟**

- ســوپاس بــۆ خــوا میســر ئێســتا بە ئاراســتەیەکی دیموکراسی هەنگاو دەنێت، سەرەڕای ئەو ئاســتەنگ و بەربەستانەی کە هەیە، پێموایە لــە دوای هەڵبژاردنەکان بە ئاراســتەیەکی دیموکراســیدا دەڕوات و لەوانەیە ئەنجامەکانــی هەڵبژاردن بە دڵی هەموو لایەك نەبن، بەڵام گوزارشت دەکات لە ئیرادەی تەواوی گەل، تونس میسرێکی بچووککراوەیــە و پێوەندییــە بەهێزەکانــی نێوان ئەم دوو وڵاتــە و نزیك بوونەوەیان بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ دەگەڕێتەوە، چونکە لە هەردووکیاندا چاکســازی دەستی پێکرد لــە فەزای عەرەبیدا، پێموایە کە ئەزموونی تونس لــە حکومەتی ئیئتیلافــی رەنگە هەمان ئاراســتە بێت لە میسر لە قۆناغی داهاتوو و زۆر گرنگە حکومەتی داهاتوی میسر ئاراســتە و هێزی سیاسی جیاواز لە خــۆی بگرێت، چونك ســوودی گەورە لە هاوسەنگی و فرەیی ژیانی سیاسیدایە.

*** ئەی هاوکارییەکانی رۆژئاوا بۆ تونس؟**

-گوێبیســتی زۆر لــەو بەڵێنانــە بووین کــە وڵاتانــی ئەوروپایــی ســەبارەت بە پاڵپشــتیکردنی دیموکراتانــی لەجیهانی عەرەبی دابوویان کــە مەزەندە دەکرا بە ٢٠ ملیار دۆلار، لەمبارەشەوە تونس نموونەیەکی باش بوو، بەڵام لە رووی پراکتیکیەوە هیچ کام لەو بەڵێنانەمان نەبینی .

*** ئایــا ئەو بارودۆخەی ئێســتا ســوریا تێیکەوتــووە چــۆن لەلایــەن تونســەوە هەڵدەسەنگێنرێت؟**

لە هاوسۆزی زیاتر هیچمان لەبەردەستدا نییە تاوەکو پاڵپشــتی گەلی سوریاو داواکارییە رەواکەی بکەین، ئەو گەلەی شایەنی هەموو دیموکراتی و مافێکی مرۆڤن، ئومێدیشمان زۆرە ســوریا ئەو مەرگەســات و بارودۆخە ناهەموارە تێپەڕێنێت لەرێگای چارەسەرێکی گونجــاوی عەرەبیــەوە بەکەمترین زیانی مرۆیی و ماددی و رژاندنی خوێن.

*** مەترســیەکی زۆر هەیــە بەوەی گروپە ئیســلامیەکان لەناوچەکەدا هەڵکشــێن و بەرهەمی شۆڕشــی ســوریا بــۆ خۆیان بچننەوە؟**

زۆربەی ئەو مەترســیانەی ســەبارەت بە گروپ و لایەنە ئیسلامیەکان باس دەکرێت هیچ پاســاوێکی نییە، ئەوان بوونەوەرێکی میتافیزیقــی نین، بەڵکو ئەو کەشــوهەوا سیاسیەی کە کاری تێدا دەکەن ئاراستەیان دەکات و کۆنترۆڵیان دەکات .

*** لەگەڵ هەڵکشانی رۆڵی (حزبی نەهزەی ئیسلامی) کە بەڕێزت ئەندامی تێیدا. ئایا رۆڵی ئافرەتی تونسی لەکاروچالاکی گشتی و سیاسی روو لەکەمبوونەوە دەکات؟**

بەپێچەوانــەوە لەداهاتوویەکی نزیك کار بۆ پاڵپشــتیکردن و پاراستنی دەستکەوتەکانی ئافرەتانــی تونــس دەکەیــن، تەنانەت لە ئەنجومەنی دامەزراندن ژمارەی ئەو ئافرەتە هەڵبژێراوانەی چوونەتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە گەیشــتۆتە ٤٩ ئافرەت، کــە ئەمە جێی شــانازی ئافرەتانی تونســە،لەحکومەتی نوێشــدا ئافرەتان بە٢ وەزیــر و ٢ کاتبەی دەوڵەت بەشدارن .

*** ئەی ســەبارەت بە بەکاریگەری گروپە سەلەفیەکان لەتونس، کە لەم دواییەدا لەپشت ئانەوەی چەندین کێشەوە بوون ؟**

بەڵێ چەنــد گروپێکی ســەلەفیمان هەیە کــە کاریگەرییان ســنووردارو دیاریکراوە. میانڕەوی ئاراستەی گشتی تونسە، بوونی چەند گروپێکی بچووك لێرەو لەوێ و لەناو ئەم گروپ و ئەو گروپــدا کاردانەوەیەکی ئەوتۆیــان نابێت، ئــەوەی ڕوویــدا چەند بەگژداچوونێــك بوو بەهــۆی ژمارەیەك مونەقیبە.

**زۆر گرنگە حکومەتی داهاتوی میسر ئاراستە و هێزی سیاسی جیاواز لە خۆی بگرێت**

*** چــۆن دەڕواننــە لێدوانەکانــی گروپە ئیســلامیەکان کە ســەبارەت بەجلپۆشینی ئافرەتانی موسڵمان دیدەن؟**

شــێوازی جۆراوجۆری ژیان پێویســتە بۆ ئازادی تاکەکسی بەجێبهێڵدرێت، سەپاندنی حیجــاب هەڵەیەو رێگرتن لە پۆشینیشــی هەڵەیــە، تونــس بەپارێزگاریکــردن لــە شێوازی جۆراوجۆری ژیان و رەنگاورەنگی خۆی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سروشــتی کۆمەڵگای تونس وا دەخوازێت .

*** ئایا ئێوە هەر مکوڕن لەســەر داواکاری بەدەســتەوەدانی زیــن ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی پێشــووی هەڵهاتووی تونس، ئایا ئەگەر پێتوو ســعودیە ئــەو داواکارییەی ئێوەی رەتکردەوە هەڵوێستان چی دەبێت ؟**

پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سعودیە زۆر باشەو داواکردنی بەدەســتەوەدانی زین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی پێشــووی هەڵهاتووی تونس مافێکی رەوایە، ئەم داواکارییەش لە رێــگای دامەزراوەکانی قەزائی و دادگاوە جێبەجــێ دەکرێت، کە لەپــاڵ داواکردنی بەدەستەوەدانی سەرۆکی پێشووی تونس کار بۆ گەڕاندنەوەی پارەو سامانە دزراوەکانیش دەکات، بەڵام مەســەلەی بەدەســتەوەدانی بن عەلــی نابێتــە ئاســتەنگێك لەبەردەم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ســعودیە، کە زۆر مەبەســتمانە ئەو پەیوەندیانە پتەوبکەین و لەئاستێکی هەماهەنگی بێت.

*** ئایــا توانیوتانــە کاریگەری ســلبی لێدوانەکانی بەڕێز راشــد ئەلغەنووشی کەم بکەنەوە دەربــارەی حەتمیەتی گۆڕانکاری دیموکراسی لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی؟**

ئێمە پەیوەســت نیــن بــە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لێدوانەکانی سەرکردەکانی جەماوەرییەکان، بەڵکو ئێمە تەنیا گرنگی بە لێدوانە رەسمییەکانی سەرکردە سیاسییەکانی حکومەت دەدەین، بەڵام بۆ سەلماندنی حەق دەڵێم لێدوانەکانی غەنوشــی تەحریف کران، چونکە ســەرەڕای زەروریەتی گۆڕانکاری ئەوا هــەر وڵاتێکی عەرەبی تایبەتمەندێتی خــۆی هەیە، و لە ئەولەویاتــی ئێمە نییە دەست بخەینە نێو کاروباری ناوخۆی کەس، چونکە خۆمــان ئەولەویات و گیروگرفتی خۆمانمان هەیە.




# ئەسەد لاسایی میلۆسۆڤیچ دەکاتەوە ئەنجوومەنی ئاسایش نەیتوانی بڕیاریک دەربکات


تسقط العصابة الحالية
نريد دولة مدنية

ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەموحازەرەیەکیدا لەئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی لەواشنتۆن، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان دەیانویست بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا وەك گۆرباچۆف بەئاشتی پۆستەکەی بەجێبهێڵێت، بەڵام وادیارە دەیەوێت لاسایی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی سربیا بکاتەوە، ئەم قسەیەی ئۆغلۆ کە بەدیوێکدا ئاماژەیە بۆ ئەو کۆتاییە تراژیدییەی ڕژێمی ئەسەد چاوەڕێی دەکات، لەهەمانکاتدا بەدیوەکەی دیکەیدا ئاماژەیە بۆ ئەو کارەساتەی ئێستا ڕووبەڕووی گەلی سوریا بۆتەوەو مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت کە ڕژێمی ئەسەد دەست لەهیچ نەپارێزێت و کۆمەڵکوژی گەلەکەی خۆی بکات، ئەم حاڵەتە لەدوو لایەنەوە مەزندە دەکرێت ڕژێمی ئەسەد دەست لەهیچ نەپارێزێت:

١- ڕژێمی ئەسەد، ڕژێمی حزبی بەعسە، بنەمای ئەم ڕژیمە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی ئەمن و موخابەرات بینا کراوە و هەروەها بەشێکی زۆری سەرکردەکانی سوپاش چارەنووسیان بەو ڕژێمەوە گرێدراوە، بۆیە لەوانەیە لەناو سوپا هەندێك لێکترازان یان جیابوونەوە ڕوودات، بەڵام لەناو دوو جیهازەکەی دیکە کە ئەمن و موخابەراتە وەك ڕژیمی بەعسی عێراق وابەستەی ڕژیمەکەن و زۆر زەحمەتە لەڕژێم جیاببنەوە.

٢- تایبەتمەندیەکی دیکەی ڕژیمی ئەسەد و ڕژیمی پێشووی بەعسی عێراق ئەوەیە ئەو دوو ڕژیمە قەومی توندڕۆن، لەم خاڵەدا لەگەڵ سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ یەکدەگرنەوە، لەبەر ئەوەی ئەویش هەر لەبەر توندڕۆیی قەومی دەنگی پێدراو بووە سەرۆکی سربیا، بەڵام ڕوسیا زۆر بەتوندی



د.هەنادی ئەلسەمان بۆ گوڵان:

**بەهۆی هەڵوێستی ڕوسیا و چین بە بەکارهێنانی ڤیتۆ ڕژێمی ئەسەد هەرچی مەبەستی بێت دەیکات**

پشتی میلۆسۆڤیچی گرت، هەروەك چۆن ئێستاش پشتی ڕژێمی ئەسەد دەگرێت، بۆیە ئەو پشتگیرییەی ڕوسیا و چین بۆ میلۆسۆڤیچ نەك بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵکوژی لەکۆسۆڤۆ پیادە بکات، بەڵکو دەستدرێژی هەتکردنیان بۆ سەر ئافرەتانی کۆسۆڤۆش درێژکرد، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کە ئەسەد ڤیتۆی ڕوسیا و چینی بینی، ئیدی شتێك نامێنێتەوە سڵی لێ بکاتەوە، وەك شا عەبدوڵڵای سعودیەش ئاماژەی پێکرد (ئێمە لەڕۆژگارێکی ترسناکداین، بەداخەوە ئەوەی لەنەتەوە یەکگرتووەکان ڕوویدا کاریکی باش نەبوو، ئێمە شانازیمان بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد کۆمانبکاتەوە نەك لێکمان جیابکاتەوە)، کەواتە ئەگەر شا عەبدوڵڵا بەو ئاستە لەنەتەوە یەکگرتووەکان نائومێد بووبێت، ئەوا دەبێت بۆ ڕاگرتنی ئەو توندوتیژی و خوێن ڕشتنەی لەسوریا هەیە و بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ڕژێمی ئەسەد دابنرێت، دەبێت بیر لەڕێگە چارەی دیکە بکرێتەوە، بێگومان بیرکردنەوە لەڕێگەچارەی دیکە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە، لەبەرئەوەی پێشتریش نەتەوە یەکگرتووەکان لەچەندین مەسەلەی دیکە نەیتوانیوە هەڵوێستی پێویست وەربگرێت، هەربۆنموونە وەك لەئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا کە نەیتوانی بڕیار بدات و دواتر هاوپەیمانیەك پێکهات، بەناونیشانی (هاوپەیمانی ئارەزوومەندانە) ئەمەش واتە هاوپەیمانیەك لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کە مانەوەی ڕژێمی سەدام حوسێنیان بەمەترسی بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەزانی، بۆیە ئێستاش هەردەبێت هەوڵێك بێتە ئاراوە لانی کەم بەناوی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بەدۆستی سوریا دەزانن و لەدەرەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیار بدەن، بەڵام ئەوەی هۆکاری سەرەکیە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەم بڕیارە، دراوسێکانی سوریایە، بۆیە پرسیارەکە لەو حاڵەتە گومان دروست دەکات، ئایا دراوسێکانی سوریا بەتایبەتی عێراق و تورکیا چ هەڵوێستیکیان دەبێت؟

### بێدەنگی جیهان
### بەرامبەر توندوتیژییەکانی سوریا

توندوتیژی و بێ باکی ڕژێمی ئەسەد خەریکە دەگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی، ئەو دەستە ئاسنینەی ڕووبەڕووی گەلی خۆی دەبێتەوە چەند بەهێز بێت ناتوانێت قینی خەڵك دابمبرکێنێتەوە، بەڵام ناخۆشی ئەوەیە کە جیهان هەست بەم کۆمەڵکوژیە دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوار نادات سنوورێك بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە دابنرێت،



نعۆمی چازان بۆ گوڵان:


**ڕژێمی ئەسەد ڕژێمێکی سەربازیە و دەبێت هێزە دیموکراتیەکان پێکەوە کۆببنەوە و بەدیلێك گەڵاڵە بکەن تەرکیز لەسەر ڕووخانی ڕژێمەکە بکەن**

سەبارەت بەهەڵکشانی بارودۆخی توندوتیژی لەسوریا پرسیارمان لە د.هەنادی ئەلسەمان ئوستادی ئەنترۆبپۆلۆژی لەزانکۆی ئیندیا کرد و لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لەبەر ئەوەی هیچ هێزیك نییە ڕێگری لێبکات، ئەوا ڕژێمی ئەسەد هەرچی مەبەستی بێت دەیکات، بەهۆی هەڵوێستی ڕوسیا و چینەوە کە مافی ڤیتۆیان بەکارهێناوە، ئەوا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیش شکستی هێناوە و نەیتوانیووە بەئەرك و ڕۆڵی خۆی بەرامبەر گەلی سوریا هەڵبستێت، بۆیە بۆ ئێستا بەڕای من تاکە ڕێگا گفتوگۆکردنە لەبارەی چارەسەرێکی ئاشتیانەوە و مەخرەجێکی ئاشتیانە، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕۆژانە بەهەزارەها کەس دەمرن و بەڕاستی دۆخەکە پێویستی بەچارەسەرە. لەبەر ئەوەی بەداخەوە پێموانیە هیچ لایەك لەدۆخێکدا بێت بتوانێت دەستێوەردانی سەربازی بکات، هەموو وڵاتان سەرقاڵن بەئەنجامدانی هەڵبژاردن و گرفتارن بەکێشەی ئابووری و سیاسی خۆیانەوە، لەبەر ئەوە هیچ لایەك خواستی ئەوەی نییە دەستێوەردانی سەربازی بکات. هەروەها نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە سوریا نەوتی نییە، لەبەر ئەوە دۆخەکە جیاوازە لە لیبیا، کە خەڵکی سوریا نەبوونی نەوتی بەسووربوون و پێداگیری قوربانیدان بەخوێنی خۆی قەرەبوو کردۆتەوە، بەئومێدی ئەوەی بتوانن خەونی خۆیان لەهێنانەدی دیموکراسی بەدی بهێنن)).

ئەوەی خاتوو هەندای ئاماژەی پێکرد جۆرێك لەرەشبینی پێوە دیارە، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیە پرسیارمان لە ئەکادیمست و سیاسەتمەدار خاتوو نعۆمی چازان کرد ئەویش لەوەڵامدا سەبارەت بەرەوشی ئێستای سوریا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی:(دۆخی سوریا بەمجۆرەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ زیاتر دەبێت لەگەڵ هەڵکشانی شەڕی نێو شارەکانیش، من لەو بڕوایەدانیم چیتر ڕژێمی ئەسەد شەرعیەتی مابێت، بۆیە لەم قۆناخەدا دەبێت ئەوە بزانرێت کە ڕژێمی ئەسەد ڕژێمێکی سەربازیە، ئەگەر لەڕووی واقیعیەوە بڕوانین، ئەوا ڕژێمێکی سەربازیە و دەبێت هێزە دیموکراتیەکان پێکەوە کۆببنەوە و بەدیلێك گەڵاڵە بکەن. بەدیلەکەش دەبێت ڕووخانی ئەم ڕژێمەی ئێستا بێت و پێموایە دەبێت پتر تەرکیز لەسەر ڕووخانی ڕژێمەکە بکرێتەوە، نەك بەدیلەکە کە بەشێك بێت لەم ڕژێمەی ئێستا، کە مەبەست لەبەدیلێکی دیموکراتی و ئازاد و عادیلانەیە. بەڕوودانی ئەمەش هەموو گروپەکان لەهەل و مەرجە نوێیەکەدا مافەکانی خۆیان بەدەست دەهێنن)).

### ئەگەرەکانی دوای نەتەوە یەکگرتووەکان

ئێستا جیهان خەریکە لەنەتەوە یەکگرتووەکان نائومێد دەبێت بەتایبەتی دوای ئەوەی هەریەك لەڕوسیا و چین ڤیتۆیان بەکارهێنا، سەبارەت بەم بێ ئومێدبوونە پرسیارمان لە عودەی سۆمەر چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی کرد و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(خەمڵاندن سەبارەت بەڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد ئاسان نییە، هەڵبەتە «میسر» و «سوریا» لەیەکتری جیاوازن و جیاوازیی زۆر لەنێوانیاندا هەیە و جیاوازن لەوڵاتانی دیکە، هەربۆیە خەمڵاندن لەمبارەیەوە زەحمەتە و ناتوانین لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی دیکە پێشبینی بکەین، خەمڵاندن لەمبارەیەوە زۆر زەحمەتە لەبەرئەوەی زۆر کەس پێیانوابوو دەبوو تائێستا ڕژێمی ئەسەد برووخایە، بەڵام وا نزیك دەبینەوە لەساڵێك هێشتا ڕژێمی ئەسەد هەر ماوەتەوە، تاکو ئەمڕۆ دەیان هەزار هاووڵاتی کوژراون، هەر بۆیە پێشبینیکردن لەمبارەیەوە زەحمەتە، بۆنموونە و هەر لەمبارەیەوە کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد «موبارەك» وا زوو بڕووخێت. بەڵام ئێستا پێدەچێت بەرامبەر ئەسەد بێدەنگ نەبن، لەبەر ئەوەی هەموو لایەك باسی دوای ڕژێمی ئەسەد دەکەن، «تۆماس فریدمان» وتارێکی لە «نیویۆرك تایمز» نووسیوە –تیایدا داوا لەڕوسیا و ئەو دەوڵەتانە دەکات کەپشتگیری لەڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن، ڕاشکاوانە پێیان دەڵێت کاتی ئەوە هاتووە هەڵوێستان بگۆڕن، هەروەها خەڵکی سوریا زۆر بەپەرۆشن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی «ئەسەد» و ئاڵای پێشووی «سوریا» هەڵدەدەن کە پێش ڕژێمی حافز ئەسەد هەبووە، بۆیە ئێستا کە باردۆخەکە بەرەو شەڕی ناوخۆ دەڕوات، بێگومان هەڵگیرسانی -شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن هۆکارە بۆ فاشلبوونی دەوڵەت بەتایبەتی ئەمڕۆ کە زۆربەی میکانیزم و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەدەستی عەلەوییەکان دایە بۆیە پاش نەمانی عەلەوییەکان لەدەسەڵات ئەوکات ئەو کەسانەی کە دێن لەجێگەی عەلەوییەکان بۆ سەر دەسەڵات کارێکی زۆر لەپێشیان دەبێت ئەنجامی بدەن بۆنموونە لەڕووی ژێرخانەکان کە بونیادنانەوەی کارێکی



**عودەی سۆمەر بۆ گوڵان:**

**بۆ ڕێگەگرتن لەفاشیلبوونی دەوڵەت پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە لەهاووڵاتیانی سوریا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و بونیادنانی دیموکراسییەت**

ئاسان نییە، بەهەرحاڵ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە شەڕی ناوخۆیی درێژخایەن دەبێتە هۆی درووستبوونی دەوڵەتی فاشیل و لەمبارەیەوە پێموایە کە تەنیا یەك ڕێگەچارە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەفاشیلبوونی دەوڵەت ئەویش بریتییە لەپاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهاووڵاتیانی «سوریا» بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و بونیادنانی دیموکراسییەت، بۆیە بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەتوانایدا هەیە پشتگیری لەئۆپۆزسیۆنی «سوری» بکات و لەمبارەیەوە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە بگێڕێت، لێرەشدا دەگەڕێینەوە سەر پرسیارێکی پێشووتان لەبارەی «ڕژێمی سەربازی»، بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەچارەیەکە بۆ جەختکردنەوە لەو ڕووەوە کە ڕژێمی سەربازی هاووڵاتیان نەچەوسێنێتەوە لە«سوریا»)).

چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی عودەی سۆمەر جەخت لەسەر دەستێوەردانی نێودەوڵەتی دەکاتەوەو پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە هەڵوێستەکان بگۆڕێن، بۆیە دیسان لەمبارەوە لەخاتوو هەندای ئەلسەمان-مان پرسی ئایا دوای هەڵوێستی نێودەوڵەتی مەزندەی باردۆخەکە بۆ کوێ دەچێت؟ لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامی داینەوەو وتی:(دەبێت هەموو خەڵك هاسۆزبێت لەگەڵ خەڵکی سوریادا، بەداخەوە سوریا بۆتە قوربانی بەرژەوەندیی هێزە گەورەکان، هەر یەکە لەڕوسیا و چین و ئێران و ئەمریکا و تەنانەت تورکیاش لێدوان دەدەن و پشتیوانی لایەنێك دەکەن، ئیدی پشتیوانی ڕژێمەکە بێت یان خەڵکەکە، بەڵام کەسیان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی سوریا نادەن، بەڵکو بایەخ بەبەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان دەدەن، ئەویش بەهۆی گرنگی جیوپۆلەتیکی سوریاوە و دوایین شت بیری لێبکەنەوە خەم و خواستی خەڵکەکەیە. بەداخەوە ئەوە دۆخەکەیە. واتە ئەوەی بایەخی پێدەدەن بەرژەوەندیەکانی خۆیانە لەم ناوچەیەدا. بۆیە ئێستا تەنیا هیوا ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات بەئومێدی ئەوەی بێتەهۆی وەستاندنی خوێنڕێژیەکە و بێتە هۆی وەستاندنی کوشتارەکە، ڕەنگە کەسانێکیش هەبن لەموعارەزەدا بەمە ڕازی بن، ئەگەرچی من بەناوی موعارەزەوە قسە ناکەم، بەڵکو وەك چاودێرێکی دەرەکی قسە دەکەم، کە کەسانێکیش هەن قبووڵی ناکەن، بەڵام ئەمە تاکە ڕێگاچارەیە ئەگەر ڕازی بێت بەوازهێنان لەدەسەڵات، بەئومێدی ئەوەی ئەمە ببێتە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانە یاخود نیمچە ئاشتیانە و سەرەتایەك بۆ دیموکراسی. بێگومان هەمیشە سوریا پێگەیەکی جیوپۆلەتیکی گرنگی هەبووە و هەرواش دەمێنێتەوە، کە هەندێ گۆڕان و ئاڵوگۆڕی سەرەتایی دێنەئاراوە، کە دەبێت هەمووڵایەك خۆیان بگونجێنن لەنێویاندا خەڵکی سوریا و خەڵکانی وڵاتانی دراوسێ، بەئومێدی ئەوەی گۆڕانەکە بەرەو باشتر بێت)).




ئارام نێرگوزیان لە(CSIS) بۆ گوڵان:

## لەکاتێکدا ڕژێمی ئەسەد دڕندانە گەلەکەی سەرکوت بکات

# روسیاو چین ناتوانن تاسەر پشتیوانی لێ بکەن

ئارام نێرگوزیان یەکێکە لەتوێژەرە باڵاکانی سـەنتەری سـتراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS) و لەگەڵ ئەنتۆنی کۆردسـمان لەکورسی ئەلین بۆرک بۆ دیراساتی ستراتیژی کاردەکات و کۆمەڵێك دیراساتی هاوبەشیان لەگەڵ کۆردسمان پێکەوە بەهاوبەشی نووسیووە، هەروەها نێرگوزیان پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ستراتیژیەتی سەربازی و تیرۆریزم، لەم بوارانەشدا لەسەر ئەم ناوچانە کاردەکات(میسر، دەوڵەتانی کەنداو، ئێران، ئیسرائیل و فەلەستین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقیا، لەسـەر بارودۆخی سـووریاش نێرگوزیان وەك یەکێك لەپسـپۆر و شرۆڤانە نێودەوڵەتیەکان ڕای وەردەگیرێت و لەمیدیاکانی جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە، بۆ قسـەکردن لەسـەر بارودۆخی سـوریا دوای هەڵوێستی ڕوسیا و چین، پێوەندیمان بەپسپۆر و شۆرڤەوان و توێژەری باڵای سەتنەری ستراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** چۆن وەسفی بارودۆخی سوریا دەکەیت لەپێوەندیدا بەسەرکوتکردنی خەڵکی سوریاوە لەلایەن ڕژێمەکەوە؟**

- لەدوای کشانەوەی شاندی چاودێرانی جامیعەی عەرەبیی هەڵکشانێکی گەورە لەئاستی توندوتیژیدا ڕوویدا لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە، بەتایبەتی لەدژی شاری حمس و حەمما و هەروەها شارەکانی دیکە، هەروەها ژمارەی کوژراوەکانیش لەبەرزبوونەوەدایە کە لەنێویاندا منداڵ و ئافرەت هەیە، هەروەها ڕژێمێکت هەیە کە توانای خۆی زیاتر دەکات لەبەر ئەوەی سوپای ئەو وڵاتانە توانیتی بەرگەی ئەو هێرشانە بگرێت کە سوپای سووری ئازاد ئەنجامیداون. هەروەها گوشارێکی نێودەوڵەتیش هەیە، نەك تەنیا لەلایەن ڕۆژئاواوە، بەڵکو لەلایەن وڵاتانی کەنداو و هەروەها لەلایەن هاوپەیمانە نێودەوڵەتی و ناوچەییە سەرەکیەکانەوە. ڕوسیا و چین ناتوانن بەردەوام بن لەپشتیوانیکردنی ڕژێمی ئەسەد لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی دڕندانە خەڵکەکەی سەرکوت دەکات. هەروەها بێ بوونی چارەسەرێکی دیپلۆماسی- کە هەڵوێستی ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان، وەك ڕوسیا بریتی بووە لەپشتیوانی ئەسەد لەئەنجومەنی ئاسایشدا- کە دەبێت ڕێگایەکی سیاسی و دیپلۆماسی بنیاتنەر لەوڵاتەکەدا بگیرێتەبەر. ئێستا بازنەی توندوتیژی لەهەڵکشاندایە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا زۆر زەحمەتە بۆ وڵاتانی وەك ڕوسیا و ئەو وڵاتانەش کە هێشتا دوورەپەرێز بوونە کە بتوانن چارەسەرێکی دیپلۆماسی کاریگەر بەدی بهێنن. ئەگەر ئاستی توندوتیژی لەبەرزبوونەوەدابێت، ئەوا دەکرێت شەڕێکی ناوخۆیی تائیفی سەرهەڵبدات لەسوریادا کە حاڵی حازر وڵاتێکی دابەش بووە. لەگەڵ بوونی وڵاتەکە بەگۆڕەپانی ململانێی نێوان وڵاتانی ناوچەکە، وەك سعودیە، تورکیا، عێراق و ئێران و هەروەها وڵاتانی دراوسێی وەك لوبنان و ئیسرائیلیش.

*** هێزە ئەمنیەکان خزمەتگوزاریەکانیان کردۆتە ئامانج، بۆ نموونە ئاو و کارەبا ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی دوچاری دۆخێکی کارەساتبار ببنەوە لەم زستانەدا و تاکە ئومێدکیش ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ دەبێت و خۆی لەدەستێوەردان بەدوور دەگرێت؟**

- ململانێ و ناکۆکیەکی گەورە هەیە لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لەلایەکەوە ئەو وڵاتانە هەن کە بەلای کەمەوە لەلێدوانەکانیاندا پشتیوانی جۆرێك لەدەستێوەردان دەکەن، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی وەك ڕوسیا و چین و هیندستان و بەرازیل و ئەفریقیای باشوور کە زۆر نیگەرانن لەدووبارەبوونەوەی دەستێوەردانی سەربازی چەشنی ئەوەی لەلیبیا ڕوویدا. سوریا لیبیا نییە، سوریا دانیشتوانێکی زۆرتر و پانتاییەکی گەورەتری شارنشینی هەیە، کە هەر دەستێوەردانێك قوربانیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، ئەویش لەبەر چڕی



ئارام نێرگوزیان

دانیشتوانەکە، کە سەدان ئەگەر نەڵێین هەزاران قوربانی لێدەکەوێتەوە، هەروەها وڵاتێکە لەچەقی ململانێی عەرەب- ئیسرائیلدایە. لەهەمان کاتدا دەستێوەردان لەسوریادا دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی دۆخی دەوڵەتە دراوسێکانیش، لەلوبناندا هاوسەنگیەکی ئەمنی لەرزۆك هەیە و سوننەکانی ئەو وڵاتەش چاوەڕوانن بارودۆخی سوریا بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات. لەلایەکی دیکەوە سوریا ناسەقامگیرە کە چیتر ڕژێمەکە توانای کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەی نەماوە یاخود بەشێکی زۆری ئەو توانای کۆنترۆڵکردنەی لەدەستداوە لەپێوەندیدا بەجیابوونەوەی سەرکردەکان یان جیابوونەوەی نێو سوپاوە و هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیش ڕەنگە ناکۆکیەکی تائیفی گەورە بخولقێنێت لەوڵاتێکی وەك لوبناندا، هەروەها ئیسرائیل ڕووبەڕووی مەترسی ڕاستەقینە دەبێتەوە ئەگەر سوریا نەبێتە پردی پەڕینەوەی نفوز و دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەوا شتێکی ئیجابی دەبێت بۆ ئیسرائیل. لەهەمان کاتدا هاوشانێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی- ئابووری یاخود ئەمنی نییە، نە لەناو سوریا و نە لەدەرەوەی سوریا کە بتوانێت بەخێرایی و بەشێوەیەکی کارا جێی ڕژێمەکەی ئەسەد پڕبکاتەوە. هەموو ئەم ئیعتباراتانە وا دەکەن مەترسی دەستێوەردانی دەرەکی زیاتر بێت. هەروەها وڵاتانێکی وەك عێراق و ئێران هەن کە بەرژەوەندی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ئێران پشت بەئەسەد و سوریا دەبەستێت وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی کە وڵاتێکی عەرەبییە. هەروەها شیعەکانی عێراق کە زۆرینەن بەو شێوەیە لەسوریا دەڕوانن کە زیادبوونی ئاستی توندوتیژی ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ڕژێمێکی سوننە بهێنێتە سەرکار کە لەلایەن سیاسەتی دەرەوەی سعودیە پشتیوانی لێدەکرێت یان لەلایەن قەتەرەوە کە پشتیوانی لەهەندێ ڕەوتی سەلەفی دەکات، ئەمەش وەك سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی خۆیان دەزانن. هەموو ئەمانە سیناریۆی دەستێوەردان ئاڵۆزتر و پڕ گرفتتر دەکات. بەهەمان شێوە تورکیاش ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، کەواتە چارەسەرێکی ئاسان نییە بۆ کێشەی سوریا. واتە نە چارەسەرێکی دیپلۆماسی ئاسان و نە چارەسەرێکی سەربازی ئاسان لەئارادایە. هەمان شت بۆ لیبیا ڕاست بوو، بەڵام لیبیا هەمان ئەو چەکە کیمیای و بایەلۆجیانەی نەبوو کە سوریا هەیەتی و هەمان توانای سەربازی سوریای نەبوو، لەڕاستدا ئێمە توانای خۆڕاگری سوپای سوریمان زۆر بەکەم گرت لەسەروبەندی سەرهەڵدانی ناسەقامگیریدا لەپێوەندیدا بەیەکگرتوویی ئەم سوپایەوە، ئەمە سەرەڕای ڕوودانی جیابوونەوەش لەسوپادا.

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕازیە بەوەی ئەسەد بەئاشتیانە دەسەڵات جێبهێڵێت و ڕوسیاش هەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئەسەد دەدات بۆ ئەوەی واز لەدەسەڵات بهێنێت، هەموو جیهان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە ڕژێمی سوریا نە دەتوانێت**



**چاکسازی بکات و نە دەست لەدەسەڵات هەڵدەگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم نەتەوەیە ڕزگاربکرێت و ئایا ڕوسیا توانای قەناعەتپێهێنانی ڕژێمەکەی ئەسەدی هەیە بەوەی واز لەدەسەڵات بهێنێت؟**

- ڕوسیا لەخەمی پێگەی نێودەوڵەتی خۆیدایە لەپێوەندیدا بەکێشەی سوریاوە، لەزۆر ڕووەوە وڵاتانی دیکەش هەمان کار دەکەن، وەك قەتەر و سعودیە و وڵاتانی کەنداو و هەروەها جامیعەی عەرەبی کە بەبایەخ بەسومعەی خۆیان دەدەن لەپێوەندیدا بەسوریاوە، کە تا ئێستا هەوڵەکانیان سەرکەوتو نەبووە بۆئەوەی دۆخی سوریا بەئاراستەیەکی گونجاودا بەرن. هەڵوێستی ڕوسیا هەڵوێستێکی براگماتیە و لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتنراوە کە نابێت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ هەبێت، نە لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و نە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، کە گۆڕانکاری خێرا لەسوریادا بەنەمانی ڕژێمی ئەسەد لەمەودای کورتدا بۆشایی ئەمنی و سیاسی دروست دەکات، قوڵکردنەوەی دابەشبوونەکان


**ئەگەر ئاستی توندوتیژی لەسوریادا لەبەرزبوونەوە دابێت، ئەوا دەکرێت شەڕێکی ناوخۆیی تائیفی سەرهەڵبدات**

**هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی ڕەنگە ناکۆکیەکی تائیفی گەورە بخولقێنێت لەوڵاتێکی وەك لوبنان**

و ناکۆکیەکان بەمانای شەڕی ناوخۆ دێت کە قوربانیەکەی بەهەزاران کەس دەبن، لەگەڵ ئەگەری ناسەقامگیریدا بۆ هەموو ئەو لایەنانەی بەرژەوەندیان هەیە لەوەی دۆخی سوریا بەچ ئەنجامێك دەگات. کەواتە هەڵوێستی ڕوسیا ئەوەیە دەستێوەردان نەکرێت، بەڵکو گفتوگۆ بکرێت بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو دەسەڵات دابەش بکرێت. ئەوەی سەیرە ئەوەیە هەڵوێستی ڕوسیا زۆر دوور نییە لەهەڵوێستی جامیعەی عەرەبیەوە، کە هەڵویستی جامیعەی عەرەبیش ئەوەبوو دەسەڵات دابەش بکرێت ئەگەرنا ئەو وڵاتە هەرەس دەهێنێت و شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەدات، ئەمە هەمان هەڵویستی ڕوسیا و ئەمریکا و گەمەکارە سەرەکیەکانی دیکە بووە، جیاوازی هەڵوێستی ڕوسیا لەوەدابوو کە دەبێت گفتوگۆ بکرێت لەنێوان ڕژێمی ئەسەد و موعارەزەی وڵاتەکە، لەبەرامبەر موعارەزەی دەرەوەدا کەلەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاو وڵاتانی کەنداوەوە پشتیوانی دەکرێت، هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەسەد لەکۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا واتە لە٢٠١٤دا دەسەڵات جێبهڵێت، کە ئاڵوگۆڕ بەخێرایی ڕوبدات، بەڵام بەشێوەیەك نەبێت کە ببێتە مایەی ناسەقامگیرکردنی دۆخی دەوڵەتە دراوسێکان، باس لەوە دەکرێت دەبێت زووتر دەسەڵات جێبهێڵێت، بەڵام دەبێت ئەو کارە لەئەنجامی گفتوگۆوە بێت. لەکۆتاییدا هەڵوێستی ڕوسیا هەڵوێستێکی براگماتیە و ڕوسیا بەرژەوەندی خۆی هەیە و لەناکۆکیدا لەگەڵ ڕۆژئاوادا و لەگەڵ چین و هیندستان و وڵاتە تازەگەشەکردووە سەرەکیەکانی دیکەدا هەوڵی بەرهەڵستیکردنی ئەو سیاسەتە دەدەن کە پێیانوایە مایەی ناسەقامگیریەکی گەورەیە لەپێوەندیدا بەسوریاوە، هەروەها لەوە ڕاستیە تێدەگەن کە ڕۆژئاوا و ئەمریکا و هەروەها وڵاتانی کەنداو نیگەرانن لەهەژمونی ڕوو لەزیادی بەرژەوەندی ئێران لەکەنداودا و کە ئەو وڵاتانەش سوریا وەك خاڵی لاوازی ئێران لەناوچەکەدا دەڕوانن و پێیانوایە ئەنجامدانی گفتوگۆ باشترە لەناسەقامگیری و نادیارییەك کە ڕەنگە چەند دەیەیەك بخایەنێت.

**ڕوسیا لەخەمی پێگەی نێودەوڵەتی خۆیدایە لەپێوەندیدا بەکێشەی سوریاوە، لەزۆر ڕووەوە وڵاتانی دیکەش هەمان کار دەکەن**

# سوریا پاش ڤیتۆی روسیا و چین



فەرید ئەسەسەرد

پاش ڤیتۆی ئەم دواییەی روسیا و چین لە ئەنجومەنی ئاسایش دژی پرۆژەی بڕیارێك سەبارەت بەرەوشی سوریا، خەریکە لەناو جیهانی رۆژئاوا رایەك سەبارەت بەپێویستیی دەستێوەردانی مرۆڤانە بۆ دانانی سنورێك بۆ کۆمەڵکوژیی ناو سوریا گەڵاڵە دەبێ. بەشێکی زۆر لەو نوسینانەی لەمیدیاکان بڵاو دەکرێنەوە، پێیان باشە، بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو، سوود لەپەندەکانی دەستێوەردانی ناتۆ لە لیبیا وەربگیرێ و ئەم سیناریۆیە لە سوریا دووبارە بکرێتەوە.

دەستێوەردان لەپێناوی نەهێشتنی کۆمەڵکوژی و دابین کردنی ئامانجی مرۆڤانە، لەرۆژئاوا جەماوەرێکی زۆری هەیە. بەڵام ناکرێ ئەوەی کە لە لیبیا روویدا، کتومت لە سوریا دووبارە ببێتەوە. دەستێوەردانی مرۆڤانە لە سوریا، لانی کەم پێویستی بەچوار مەرج هەیە.

یەکێکیان، پشت بەستنە بەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دابین کردنی چەترێکی یاسایی بۆ دەستێوەردان. دووەمیان، بوونی ناوچەیەك لەدەرەوەی دەسەڵاتی رژێم. سێیەمیان، جەخت کردن لەسەر ئامانجی مرۆڤانەی دەستێوەردانەکە کە دەبێ بۆ راگرتنی کۆمەڵکوژی و پاراستنی سیڤیلەکان بێ. مەرجی چوارەم جەخت کردنە لەسەر ئەوەی کە نابێ رژێم بەدەستی دەرەکی بروخێنرێ. لە نمونەی لیبیا هەر چوار مەرج لەئارادا بوون، بۆیە چەند رۆژێك پاش دەرچونی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، ناتۆ دەستی بەئۆپەراسیۆنەکانی کرد. سیناریۆی لیبیا بەهەندێ دەستکاری و هەموارکردنەوە، دەشێ لە سوریا دووبارە ببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر کۆمەڵکوژی بەردەوام بێ و زیاتر پەرەبسەنێ. ئەمە بەو مانایە دێ کە تاکتیکی کۆمەڵکوژی کە رژێمی سوریا بەئەنقەست هانای بۆ دەبا بەمەبەستی تۆقاندنی نارازییەکان، رەنگە لەکۆتاییدا خراپ لەسەری بشکێتەوە و ببێ بەگەورەترین پاساوی دەستێوەردانی دەرەکی. بەڵام هێشتا لە سوریا بەنغازییەکی لەبابەتی ئەوەی لیبیا پەیدا نەبووە. بەکردەوە، بەبێ پەیدابوونی یان پەیداکردنی ناوچەیەك لەدەرەوەی دەسەڵاتی رژێم، رۆژئاواو هەر هێزێکی تر دەست لەمەسەلەکە وەرنادا. مەرجی سەرەکیی رۆژئاوا بۆ دەستێوەردان، مسۆگەربوونی رووخانی رژێمە. بەبێ ناوچەیەك لەدەرەوەی دەسەڵاتی رژێم، ئەستەمە دەستوەردان ئامانجەکانی بپێکێ.

لە سیناریۆی لیبیا، ناتۆ خۆی لەوە پاراست کە هێزی زەمینی بخاتە گەڕ. ئەمەش زۆرتر، دوو هۆی لەپشتەوە بوو. یەکەم کەمکردنەوەی زیانی جەستەیی لەریزی سەربازانی ناتۆ و دووەم، بۆ رەخساندنی دەرفەتێك بۆ بەشداری کردنی هێزە لۆکالەکان لە روخاندنی رژێم. ئەگەر هێزە لۆکالەکان قەڵەمڕەوێکی ئازادیان لەبەر دەست نەبوایە و ئەگەر قەزافی بیتوانیایە بەزووترین کات دەست بەسەر قەڵەمڕەوە ئازادەکەدا بگرێتەوە، دەستوەردان رووی نەدەدا.

لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی «نیویۆرك تایمس»، رۆبەرت بیب بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە ئەمریکا لەماوەی دە ساڵدا سێ جار دەستێوەردانی سەرکەوتوی ئەنجام داوە. یەکێکیان لەساڵی ١٩٩١ لەهەرێمی کوردستان بۆ فریاکەوتنی کورد لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەدا، دووەمیان لەساڵی ١٩٩٣ بۆ پاراستنی بۆسنییەکان و سێیەمیشیان لەساڵی ١٩٩٩ بۆ نەهێشتنی پاکتاوکردنی رەگەزی لەهەرێمی کۆسۆڤۆ.

بیب دڵێ لەکاتی دەستێوەردانی ناتۆ لە لیبیا، هێشتا لیبیا کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی تێدا رووی نەدابوو، بەڵام ئەگەر ناتۆ خێرا فریا نەکەوتایە، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵکوژی و جینۆساید لەناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی قەزافی رووی دەدا. ئاماژە گرنگەکەی ئەم وتارە ئەوەیە کە مەرج نییە رۆژئاوا پاش رووداوی جینۆساید دەستێوەردان بکا، بەڵکو دەشێ پێش رووداوی جینۆساید جموجۆڵ بکا.

گەورەترین تەگەرەی بەردەم ئەم سیناریۆیە، نەبوونی بڕیارێکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە. بەڵام بۆچونێکی بەهێز هەیە وای دەبینێ کە روسیا ناتوانێ تا سەر بەرگری لە رژێمی سوریا بکاو هەروەها پێی وایە هانا بردنی روسیا بۆ بەکارهێنانی ڤیتۆ بۆ پەکخستنی دەرچوونی بڕیارەکە لەدژی سوریا، دەشێ پەیوەندیی بەبانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی روسیاوە هەبێ، چونکە لەم ماوەیەدا ڤلادیمیر پۆتین نایەوێ وەك لاوازو دەستەوەستان بەرامبەر بەرۆژئاوا دەرکەوێ. بۆیە مەرج نییە روسیای پاش ٦ی ئازاری داهاتوو هەمان هەڵوێستی پێش ٦ی ئازاری هەبێ، بەتایبەتی کەڕەوشەکە بەرەو ئەوە دەچێ کە بۆ روسیا زیانی لەقازانج زۆرتر بێ.

# عێراق . خاوبوونەوە بەبێ چارەسەری کێشەکان



دوای بڕیارەکەی لیستی ئەلعراقیە بەگەڕانەوەی پەرلەمانتارەکانی بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان هەست دەکرێت جۆرە خاوبوونەوەیەك لەتەنگژەی نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا بەدیدەکرێت، ئەم خاوبوونەوەیە کە هەندێك بە تاکتیکێکی دیکەی لیستی دەوڵەتی یاسای دەزانن بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای بودجە پەسەند بکرێت و حکومەت بتوانێت دەست بەکارەکانی بکات، هێندە بەهەنگاوێکی گرنگی نازانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەربۆیە زۆر لەپسپۆڕان پێیانوایە ئەم تەنگژەی ئێستای عێراق بەمزوانە کۆتایی نایەت و لەوانەیە درێژە بکێشێت، هۆکاری ئەم درێژە کێشانە بەپێی قسەکانی پرۆفیسۆر مایکل نایت گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، کە تایبەت بۆ ئەم ژمارەیەی گوڵان قسەی کردووە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەمریکا پشتگیری مالیکی دەکات و لەگەڵ ئەوەدایە حکومەتی ناوەندی بەغدا حکومەتێکی بەهێز بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت گەڕانەوەی پەرلەمانتارەکانی لیستی ئەلعراقیە هەنگاوێکە بۆئەوەی زیاتر دەرگای وتووێژبکرێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپەرلەمانتار محەمەد سەهیود لەلیستی دەوڵەتی یاسا کرد، بەمجۆرە سەبارەت بەبارودۆخی ئێستا بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (من هەرگیز ئەم مەسەلەیەم بەقەیران نەدەزانی، بەڵکو زیاتر پێموابوو کە بریتییە لەجیاوازی لەبیر و بۆچوونەکان یاخود کێشە و گرفت بەو ئیعتیبارەی کە زاراوەی «قەیران» بەواتای پەککەوتنی دامەزراوە دەستووری و تەشریعی و یاخود جێبەجێکارییەکان دێت، ئەمە لەکاتێکدا لەمیانی ئەم کێشە و گرفتانە پەرلەمانی عێراقی و دەسەڵاتی جێبەجێکاری پەکیان نەکەوت، بەواتای هەردووك لەدەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچوون، بەڵێ دروستە کێشە و گرفت لەئارادا هەیە، بەڵام چەندین کێشە و گرفتی جیاواز هەیە و هاوکات لایەنەکانی کێشە و گرفتەکانیش زۆر و جیاوازن، بۆنموونە لەوانەیە کێشەکان بریتی بن لەکێشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان، لەوانەیشە کێشەکان لەنێوانی لیست و قەوارە سیاسییەکان بێت، بەڵام وادیارە ئەم کێشە و گرفتانە بەرەو ئاراستەی چارەسەر هەنگاویان هەڵگرتووە، ئێمەیش ئەمڕۆ چاوەڕوانی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك کۆمار دەکەین لەگەڵ گرێدانی «کۆنگرەی نیشتمانی» و ئەجێندای ئەو کۆنگرە نیشتمانییە چەندین لەو کێشە و گرفتە هەڵپەستراوانەی لەخۆ گرتووە، تەنانەت گەر لەڕووی کێشەکانی نێوان لیست و قەوارە سیاسییەکان بێت یانیش کێشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و پارێزگاکان. بۆیە خۆی لەخۆیدا پێویستە هەموو کێشەکان لەڕێگەی دامەزراوە دەستوورییەکان و بەپێی دەسەڵاتە دەستوورییەکاندا چارەسەربکرێ، لەلایەکی دیکەوە هەموو قەوارە سیاسییەکان نوێنەریان هەیە لەپەرلەمان و حکومەتی عێراقی، بۆیە دەکرێ کێشەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان لەچوارچێوەیەکی دەستووری لەدەسەڵاتی تەشریعی چارەسەربکرێن، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەستراوەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتەکانی

**هەمووان ڕێککەوتوون لەسەر گەیشتن بەئەنجامێکی کۆتایی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بەتەواوەتی و لەزەمینیشیان جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی «هەولێر» لەبارەی وەزارەتە ئەمنییەکان و ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان**

هەرێم و پارێزگاکان لەحکومەت بەو ئیعتیبارەی کە هەموو قەوارە سیاسییەکان نوێنەریان هەیە لەحکومەت)).

ئەوەی لەقسەکانی سەهیود سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە لیستی دەوڵەتی یاسا دەیەوێت هەنگاو بەرەو خاوبوونەوەی بارودۆخەکە هەڵبگرێت، بۆیە لەمبارەوە پرسیارمان لەپەرلەمانتاری ئەلعراقیە ناهیدە داینی کرد، ئەویش بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (هیوادارین بۆچوونەکان پۆزەتیڤانە بن بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە لەسەر دابڕانی «عێراقیە» لەکۆبوونەوەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکان بەهیچ ئەنجامێك دەرنەدەچوون، بەڕای من بایکۆتەکەی وەزیر و نوێنەرەکانی





زوهیر ئەعرەجی بۆ گوڵان:

## پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سیادەی «عێراق» بۆتە بەرپرسیارەتییەك لەسەر شانی هەمووان

لیستی «عێراقیە» بەم دواییانە پەیامێکی پۆزەتیڤانە بوو بۆ قەوارە سیاسییەکان لەم ڕووەوە کە زۆربەی ڕێککەوتنەکان جێبەجێ نەکراون، هەربۆیە ئێمە هیواداریین کۆنگرەی نیشتمانی سازبکرێت یان کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان لەپێناو چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەستراوەکان و ڕاستگۆیی و لێبوردەیی لەئارادا هەبێت بۆ پابەندبوون بەدەستوور و بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان، ئەوە بۆ مەبەستی گەیاندنی پەیامێك بوو بۆ قەوارە سیاسییەکان لەوبارەیەی کە لیستی «عێراقیە» خاوەن چەند مافێکە و هەوڵیداوە لەڕێگەی میدیاکان داوای مافەکانی بکات و کە ٢ ساڵ تێپەڕیوە و بێئەوەی داواکاری و مافەکانی جێبەجێبکرێت، هەربۆیە بارەکە وای پێویستکرد هەڵوێستێکی پراکتیکی ئەنجامبدرێت نەك هەڵوێستێکی تیۆری، ئەوە بوو لەماوەی ڕابردوودا وەزیر و نوێنەرەکانی «عێراقیە» کشانەوە و لەئاکامیشدا پەیامەکە گەیشت).

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تاچەند گەڕانەوەی پەرلەمانتارانی عێراقیە زەمینە سازییە بۆ گەڕانەوەی وەزیرەکانیان، سەبارەت بەم لایەنە زوهیر ئەعرەجی پەرلەمانتاری لیستی عێراقیە سپی بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی وتی: (سەرەتا دەمەوێ بڵێم گەڕانەوەی لیستی «عێراقیە» بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، بەپشتیوانی خودا-یش پلان هەیە بۆ گەڕاندنەوەی وەزیرەکان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕای من ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵپەستراوانەی کە هەندێکیان نوێیە و هەندێکی دیکەشی کۆنە و من ناوم لێیان ناوە بەکێشەی کۆن-نوێ، من نامەوێ لێرەدا ناویان لێ بنێم «قەیران» بەڵکو دەڵێم «کێشە»، بەپشتیوانی خودا ئەم کێشە و گرفتانە ڕوویان لەچارەسەری تەواو کردووە و هاوکات هەموو سەرکردە سیاسییەکان و سیاسەتوانەکان و سێ سەرکردایەتییەکان و سەرۆك قەوارە سیاسییەکان هەوڵ و کۆششی زۆریان هەیە لەمڕووەوە، با لێرەیشدا ڕۆڵی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی بەڕێز سەرۆك کۆمار لەیاد نەکەین کە هەوڵ و کۆششی خێرایان هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەستراوەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان بەتایبەتی لەمیانی کێشەکانی نێوان لیستی «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا»، لەهەمان کاتیشدا چەندین لێژنەی تەکنیکی هەن کە شەو و ڕۆژ کاردەکەن و کۆبوونەوەی بەردەوام سازدەکەن لەناو و لەدەرەوەی تەلاری پەرلەمان و هەروەها لەبنکەکانی قەوارە سیاسییەکان بۆمەبەستی گەیشتن بەچارەسەری گونجاو کە بەلای هەموانەوە پەسەندبێت لەپێناو بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسە سیاسییەکە، هاوکات بەڕای من پێویستە ئەوەیش لەیاد نەکەین کە پاش کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا ئەمڕۆ سیادەی «عێراق» بۆتە بەرپرسیارەتییەك لەسەر شانی هەمووان، بۆیە ناکرێ ئەمڕۆ لیستی «عێراقیە» لەپرۆسە سیاسییەکە دووربخەینەوە و ئەم کێشە و گرفتانە چارەسەرنەکەین، ئەمڕۆیش هەمووان ڕێککەوتوون لەسەر گەیشتن بەئەنجامێکی کۆتایی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بەتەواوەتی و لەوانەش جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی «هەولێر» لەبارەی وەزارەتە ئەمنییەکان و ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان، وێڕای چەند داواکارییەك لەلایەن برایانمان لەلیستی «عێراقیە» لەسەر مەسەلەی هاوسەنگی و مەسەلەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران و مەسەلەی دیکە، هەڵبەتە لەوانەیە ئەم کێشە و گرفتانە بەدیالۆگ چارەسەر بکرێت و هەر لەمبارەیەشەوە سەرکردەکانی لیستی «عێراقیە» لەوانە «د. ئەیاد عەلاوی» ئاراستەیەکیان هەیە بۆ کرانەوە لەڕووی هەموو قەوارە سیاسییەکان و خواستێکی تەواویان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالییاتانە بەڕێگەچارەی تەندروست و دوور لەلێدوانی میدیایی و پەیامی دوولایەنە کە بەهیچ شێوەیەك خزمەت بەپرۆسە سیاسییەکە ناگەیەنێت، ئەمڕۆیش هەردووك لەبەڕێزان «ئەیاد عەلاوی» و «نوری مالیکی» ڕەزامەندبوون لەسەر سازدانی چاوپێکەوتن لەچوارچێوەی دیالۆگێکی تەندروست لەنێوان هەردوولا، هاوکات لەتەلاری پەرلەمان سەرۆك قەوارەکان بەهەموو جدییەتێك کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالییاتانە بەشێوەیەکی دروست و تەندروست، بۆیە ئێمەیش هیواداریین لەچەند هەفتەی داهاتوودا ئەنجامی بەرچاو بێتەکایەوە و لەوانەیشە ئەوکات هیچ پێویستییەکمان نەبێت بەگرێدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی یاخود کۆبوونەوەی سەرۆك قەوارەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە بەتەواوەتی. هەروەها ئێمە لەمبارەیەوە ئەو پرسیارەمان ئاراستەی لیستی «عێراقیە» کرد و بەپێی وەڵامەکەیان وتیان گوایە دیانەوێ پەیامێك بۆ هەموو قەوارە سیاسییەکان بنێرن لەوبارەیەی کە لیستی «عێراقیە» چەند داواکارییەکی هەیە کە پێویستە بایەخ بەو داواکارییانەی بدرێت، پەیامەکەشیان گەیشت، بۆیە بەپشتیوانی خودا هیواداریین بەم زووانە ئەنجامی بەرچاو بدۆزرێتەوە، هەرچەندە ئەو پەیامەیان ناوەرۆکی لەخۆ گرتووە و پەیامەکەیان گەیشت، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو بایکۆتکردنە کاریگەریی لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەران و کارەکانی هەبوو لەڕووی تەشریعکردنی یاساکان و هاوسەنگییەکەی زۆر دواخست، هەربۆیە هیوا دەخوازین پاش ئەو ٤٠ ڕۆژە لەبایکۆتەکەیان



محەمەد سەهیود بۆ گوڵان:

## دەکرێ کێشەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان لەچوارچێوەیەکی دەستووری لەدەسەڵاتی تەشریعی چارەسەربکرێت



تاریق حەرب بۆ گوڵان:

# هۆشیار زێباری سەرکەوتوترین وەزیرە و ئەگەر هەموو وەزیرەکان وەک ئەو بوونایە ئێستا عێراق لە قۆناخێکی دیکە دەبوو

لیستی «عێراقیە» ئامادەبوونی هەبێت لەدانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی نوێنەران لەپێناو چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە هەڵپەستراوەکان)).

**عێراقیەکان پێویستیان بە خزمەتگوزارییە**

سەبارەت بەلایەنی کەموکورتی خزمەتگوزارییەکان تاریق حەرب یاسا ناس و چاودێری سیاسیی ئاماژەی بەوەکرد خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست نین و هاووڵاتی مافی خۆیەتی داوای خزمەتگوزاری بکات، هەروەها باسی لەوەکرد ئەوان هەڵسەنگاندنێکیان بۆ تێکڕای وەزیرەکانی عێراق کردووە هەر لە ٢٠٠٣ـەوە تا ئێستا، لەناویاندا هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە لەهەموو وەزیرەکان باشتر بووە، لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان تاریق حەرب وتی: (بەڕاشکاویی دەیڵێم، پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە وەزیرەکان ناشیاون، ئەوانەی کە لە پارێزگاکان دانراون و پارەکان خەرج دەکەن کەسانێکی ناشیاون، زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بایەخ بە ژیانی گشتی بە پرۆژەکان نادەن و هەربۆیە بارودۆخەکە گەیشتووەتە ئەم ئاستە، بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە دەستنیشان کراون، بێگومان هەندێك جار نەزانی و گەمژەیی و بێ ئەقڵی ئاکامی ترسناکیان لێ دەکەوێتەوە، هەموو ئەو لایەنانە وێڕای گەندەڵیی ئیداری و دارایی، بۆنموونە سیمینارێکمان سازکرد و پرسیارێکمان ئاڕاستەکرد کە ئایا کێ باشترین وەزیرە لە ٢٠٠٣/٤/٩ـەوە؟ هەموومان کۆدەنگ بووین لەوبارەیەی کە وەزیری دەرەوە باشترین و بەتواناترین و کامڵترین و شیاوترین وەزیرە لە هەموو حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی «عێراق» هەر لە ٢٠٠٣/٤/٩ـەوە لە سەردەمی «پۆڵ برێمەر»ـەوە تاکو ئەمڕۆمان، لەبەرئەوەی هەستمان بەوە کردووە کە ئەو پیاوە پەراوێزی هەیە لەڕووی دامەزراندنەکان و دەسەڵاتی هەیە لەڕووی ڕەتکردنەوەی ئەو کەسانەی پەسەندیان ناکات، بۆنموونە ئەگەر ڕوویدابێت فەرمانبەرێك بەخراپە مامەڵەی کردبێت ئەوە یەکسەر ئەو فەرمانبەرەی دەرکردووە، ئێمە پێویستیمان بەم جۆرە کەسایەتییانە هەیە و ئەم جۆرە ڕەفتارانەیە کە بوونەهۆی بونیادنانی دیموکراسییەت و ئەنجامدانی کاری باش و ئەمە لەسەر ستایلی ئەمریکی-یە، پێویستە ئێمە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵبدەین و کار لەپێناوی بکەین، ئەگەر هات و گەیشتینە ئەو ئاستە و ئەگەر هات و هەموو وەزیرەکان وەکو «هۆشیار زێباری» بوون بەشێوەیەك کە هەر کەسێك بەپێی پسپۆری و شارەزایی خۆی دەستنیشانکرا، ئەوکات سەرکەوتوو دەبین، پێویستە ڕاستگۆیی و مصداقییەت هەبێت لەمیانی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان و ڕای جیاواز پەسەند بکەن تەنانەت گەر دژی بۆچوونەکانیشیان بوو، ئەمەیە ئەو ڕەفتارەی کە پێویستمانە و ئێمە خوازیارین ببین بە خاوەنی ئەم تێڕوانینە لە «عێراق»، پێویستە هەر هەموومان خاوەن ئەم هەستە بین تەنانەت گەر وەزیر بووین یاخود بەڕێوەبەر یان باڵیۆز یانیش فەرمانبەر، ئەگەر زۆربەیان وەکو «هۆشیار زێباری» بوونایە ئەوە ئەوکات بارودۆخەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕا. هەروەها هاووڵاتیی عێراقی مافی خۆیەتی داوابکات و ئەوە ئەرکی حکومەتە داواکارییەکانی جێبەجێ بکات، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان ئەرکی سەر شانی حکومەتە و ئەرکی هەموو فەرمانبەرێکی حکومەتە و هەروەها ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە کە پۆستی حکومیی وەرگرتووە، هاووڵاتی مافی خۆیەتی داوای شتی زیاتر بکات و مافی خۆیەتی داواکار بێت بۆ وەدەستهێنانی شوێنی نیشتەجێبوون یان بۆ کرینی ئۆتۆمبێل هەروەها مافی خۆیەتی پشوویەك وەرگرێت و گەشتێك بۆ هەرێمی کوردستان یاخود بۆ دەرەوەی وڵات بکات، مافی خۆیەتی باشترین شێوازەکانی پەروەردەیی بۆ منداڵەکانی دابین بکات، مافی خۆیەتی داوای خزمەتگوزارییەکان بکات لەڕووی تەندروستی و پەروەردەیی و ڕێگە و بان ...و تاد. لە جۆرەکانی دیکەی خزمەتگوزارییەکان، بۆیە هاووڵاتی مافی خۆیەتی داوای هەموو ئەو شتانە بکات و ئەرکی حکومەتە بۆ دابینکردنی، بەڵام ئەوەی کە تاکو ئەمڕۆ پێشکەشکراوە کەم نییە، بەهیچ شێوەیەك کەم نییە، من پارێزەرم و کاتی خۆی لەکۆتایی ١٩٨٠کان و لە ١٩٩٠کان کەیسی دادوەریمان لە «بەسرە» لەئەستۆ دەگرت، لەبیرمە لەو سەردەمەدا بەو ڕێگە دوورە دەڕۆیشتین تەنیا چەند ژمارەیەك ئۆتۆمبێلمان دەبینی و لە قەزا و ناحییەکان ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی «بەرازیلی»ت دەبینی سەردانی ناوچەکەی دەکرد یاخود هەر ئەویشت نەدەبینی، لەکاتێکدا ئەمڕۆ لەهەموو قەزا و ناحییەکان دەبینی پڕە لە ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠١١ و ٢٠١٢، ڕاستە ئەمە شتێکی باش و نایابە، بەڵام ئایا بەپێی خواستەکانە؟ ئایا گەیشتە کامڵبوون؟ بێگومان وەڵامەکەی «نەخێر»ـە، ئایا ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشکراوە بەپێی بودجەیە؟ بەسە بۆ «عێراق» لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو؟ بێگومان وەڵامەکەی «نەخێر»ـە، بەڵام هاوکات خزمەتگوزارییەکان تاڕادەیەك پەسەندکراوە و بەقەد ئەو قەبارەیە نییە کە لە شەقام هەیە و کە لە میدیاکاندا بڵاودەکرێتەوە)).



ناهیدە داینی بۆ گوڵان:

# هیوادارین کۆنگرەی نیشتمانی سازبکرێت لە پێناو چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەستراوەکان و پابەندبوون بەدەستوور و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان